Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090202

# سێمانتیکی ڕێکبەندی و ڕەخنەی کەلتوری لە زمانی کوردیدا

دارا حەمید محەمەد

بەشی زمانی کوردی// کۆلێجی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

*Article In*

Received:February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

سێمانتیکی ڕێکبەندی ، کەلتور ، ڕەخنەی کەلتوری ، واتای شاراوە .

Corresponding Author

dara.hamid@garmian.edu.krd

**پوختە**

لێکدانەوەی ئەو واتایانەی لە دەق و گوتاردا وەك ڕێکبەندییەکی سەربەخۆ هەن، کاری ڕەخنەی کەلتورییە لە کایەی سێمانتیکی ڕێکبەندیدا . پەینەبردن بە واتا بەخشکەیی دەربڕراوەکان لەڕێکبەندییە کەلتورییەکاندا لە غیابی ئاوەزمەندی و باڵادەستی سۆز و عاتیفەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێی ڕەوانبێژی و شیعرییەتەوە لە قاڵبی دەق و گوتاردا دەبێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ چاندنی گەلێك دیاردەی نالۆژیکی لە کەلتوردا . کەلتوریش بە ڕەگی کۆمەڵدا ڕۆچووە و لێکجیاکردنەوەیان ئەستەمە. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (سێمانتیکی ڕێکبەندی و ڕەخنەی کەلتوری لە زمانی کوردیدا)یە ، هەوڵدەدات لە سێ بەشدا و بە پێڕەوکردنی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی و بەسوود وەرگرتن لە تیۆریی پەیوەندیکردن(communication) ی (ڕۆمان جاکۆبسون)، (سێمانتیکی ڕێکبەندی) وەك جۆرێکی نوێ لە سێمانتیك بهێنێتە ناو زمانەوانی کوردییەوە و لەو واتا شاراوانە بکۆڵێتەوە، کە لە دروستەی ڕێکبەندی و ڕەخنەی کەلتورییەوە سەرچاوەدەگرن و جیاوازن لە واتای زمانیی و ئەدەبی دەق و گوتار . لە زمانی کوردیدا ئەوە یەکەمجارە دەست بۆ بابەتی سێمانتیکی ڕێکبەندی دەبرێت، ئەوەش گرفتی توێژینەوەکەیە . چۆنییەتی پەیبردن بە واتا ڕێکبەندییە شاراوەکانی پشت دەق و گوتاری کوردی ئامانجی توێژینەوەکەیە، کە هەوڵدەدرێت بەپێی بنەماکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی ڕوون بکرێتەوە .

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(سێمانتیکی ڕێکبەندی و ڕەخنەی کەلتوری لە زمانی کوردیدا)یە، کار لەسەر جۆرێکی نوێی سێمانتیك دەکات، لە زمانەوانی کوردیدا . بابەتی توێژینەوەکە(سێمانتیکی ڕێکبەندی) لە ئەرکی ڕێکبەندییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو ئەرکەی وەك ڕەگەزی حەوتەمی تیۆریی پەیوەندیکردن دەخرێتەڕوو، سێمانتیکی ڕێکبەندی و ئەرکی ڕێکبەندی پێکەوە گرفتی توێژینەوەکەن، سێمانتیکی ڕێکبەندی بە دوای ئەو واتایانەدا دەگەڕێت، کە لە کەلتورەوە سەرچاوەدەگرن یان کەلتور دەبێتە هۆی فەراهەمبوونی ئەو جۆرە واتایانەی بە خشکەیی و بێئەوەی هەست بەبوونی بکرێت دێنەناوەوە، ڕەخنەی کەلتوریش پەییان پێدەبات و ئاشکرایان دەکات . بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی پێڕەوکراوە، ، کەرەستەی زمانی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاست و سامپڵەکان لە دەق و گوتاری کوردییەوە وەرگیراون و لە شیکردنەوەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە .

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

١- ئایا کەلتور هەژموون و کاریگەری لەسەر زمان و بەتایبەتیش واتا هەیە ؟
٢- ئایا ڕەخنەی کوردی توانیویەتی سنووری پەسن و ئێستاتیکا تێپەڕێنێت ؟
٣- ئایا بەشێك لە دەق و گوتاری کوردی بەرهەمهێنەری بیری تاکڕەوبین لە حوکمڕانی ؟
٤- ئایا ڕەخنەی کەلتوری دەتوانێت لایەنە شاراوەکانی دەق و گوتاری کوردی بخاتەڕوو ؟
٥- ئایا کەلتور و ڕەخنەی ئەدەبی بەرهەمهێنەری کەڵە شاعیر و کەڵەئەدیب ....تد ین؟

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: سەرەتا و چەند چەمکێکی پەیوەست بە سێمانتیکی ڕێکبەندی خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم تایبەتە بە پێناسە و چەمکی سێمانتیکی ڕێکبەندی .

لەبەشی سێیەمدا سنوور و بنەماکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی خراونەتەڕوو .

لە کۆتایشدا ئاماژە بە گرنگترین ئەنجامەکان و ژێدەرەکان کراوە و پوختەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو .

١- بەشی یەکەم : سەرەتایەکی پێویست بۆ سێمانتیکی ڕێکبەندی

١- ١- چەمکەکان

وەك سەرەتایەك بۆ خستنەڕووی سێمانتیکی ڕێکبەندی بەپێویستی دەزانین دەستپێکی بابەتەکان و پێشخستنەڕووی چەمکەکان، بەشێك لەو پرسیارانە بوروژێنین، کە(غودامی) وەك یەکێك لە داهێنەرانی سێمانتیکی ڕێکبەندی خستوونییەتییەڕوو:.

ئایا نوێگەری عەرەبی نوێگەرییەکی کۆنەپەرستانەیە؟ ئایا شیعری عەرەبی کەسایەتی عەرەبی لەناوبردووە؟ ئایا پێوەندی هەیە لەنێوان(کەڵە شاعیر)و دروستکردنی ستەمکاردا؟ ئایا لە دیوانی شاعیراندا جگە لە بابەتی وەسف و جوانی کە سەدان ساڵە پێوەی خەریکین شتێتر هەیە؟ ئایا سیستەمێکی ڕێکبەندی کەلتوری هەیە لە کایەی شیعرەوە دزەبکردبێت و شیعر بکاتە سەرچاوەی ڕەوشتی نامرۆڤایەتی و نادیموکراسی؟ (الغذامي،٢٠٠٥: ٧ ). ئەو پرسیارانە بۆ هەموو کۆمەڵ و میللەتێك دروستن، کە خاوەنی کەلتوری خۆی بێت، بۆیە دەکرێت وەکو کورد هاوشێوەی ئەو پرسیارانە ئاراستەی خۆمان بکەین ، ئایا بیری کۆنەپەرستی لەئەدەبیاتی کوردیدا وەك بەشێك لە کەلتوری کوردی هەیە ؟ ئایا واتا و مەبەستی شاراوە لە پشت نوێگەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەن ؟ ئایا ئەدەبی کوردی و شیعر بەتایبەتی ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی دیکتاتۆردا ؟ لەپشت وەسف و جوانی و داشۆرین و پیاهەڵدان و نیشتمانپەروەری.... کە ناوەرۆکەکانی ئەدەبی کوردین هیچ واتاو دەلالاتی پەیپێنەبراو هەن؟ سێمانتیکی ڕێکبەندی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانی کە لەبەشەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین .

ڕوونکردنەوەی سێمانتیکی ڕێکبەندی پێویستی بە تیشك خستنەسەر چەند چەمکێکە، وەك( سێمانتیك، کەلتور، ڕەخنەی کلتوریی ، ڕستەی کەلتوری....تد ، لێکدانەوەی سێمانتیکی ڕێکبەندی بەبێ ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکانە ئاستەنگ بۆ تێگەیشتن دروست دەکات، بەتایبەتیش سێمانتیکی ڕێکبەندی بابەتێکی نوێیە لە زمانەوانی کوردیدا . پەیوەست بە توێژینەوەکە ئەم پارە تایبەت دەکەین بە ئەو چەمکانە .

١-٢- چەمکی سێمانتیك

سێمانتیك وەك زانستێك تەریب لەگەڵ زانستەکانی زماندا سەریهەڵداوە و گەشەیکردووە، سێمانتیك پێش ئەوەی پانتاییەکی فراوانی زمانەوانی بگرێت، پەیوەستبووە بەلۆژیك دواتر بەزانستەکانیترەوە (عمر،١٩٨٢: ١٥) ،کەرەستەی لێکۆڵینەوەی سێمانتیك واتایە،(Lõbner,2002:1) بەلای کریستالەوە سێمانتیك(ئەو بەشەسەرەکییەی زانستی زمانە کە پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی واتاییەوە هەیە و لەبواری ژیربێژی و فەلسەفەشدا بەکاردێت(Krestel,2003:48) (سێمانتیك خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو جۆرە بیرکردنەوە و ڕێبازە جیاجیاکانی وەك ژیربێژی، زانستی دەروونناسی، زانستی زمانە( ) (ئیسماعیل،٢٠١٥: ٤٦ ). سێمانتیك بەستنەوەی هێمایە بەشتەکانی دەوروبەرییەوە، واتە لێکدانەوەی واتا بەپێی پێوەندی هێما بە تەنەوە(دزەیی،٢٠٠٩: ٢٠). سەرەتا و دەستپێکی لیکۆڵینەوە سێمانتیکییەکان گرنگیدانبوو بە واتا، واتای وشە و دەربڕینەکان، هەندێك بابەتی پێوەندییە سێمانتیکییەکانی وەك (سینۆنیم ، هۆمۆنیم ، پۆلیزم...)(مەحمود،٢٠١٥: ٢٥) . پێوەندی فۆرم و واتا یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی سێمانتیك، ئەو پێوەندییانە حوکمی بنیاتی زمان دەکەن لەقاڵبی فرێزو ڕستە و دەقیش کە دواتر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەرکییەکان وەك کەرەستەیەکی زمانەوانی هێنایانە ناوەوە ، سێمانتیکیش پانتاییەکی فراوانی توێژینەوەکانی دەقی دەگرتەوە . چارلس مۆریس لە ١٩٣٨ لە خستنەڕووی چەمکی پراگماتیکدا ئاماژە بە سێمانتیك دەکات و بە پێوەندی نێوان هێما و واتای دادەنێت((سێمانتیك ناوێکە بۆ لقێکی زانستی زمان و(زانستی واتا دەبەخشێت) بەشیکردنەوە و پەسنکردنی واتای(وشەیی)دەربڕینە زمانییەکانەوە خەریکە و لە دروستبووە واتاییەکانی زمان(دەق / پەخشان) دەکۆڵێتەوە، بەگشتیش سێمانتیك کە زاراوەی( سێما سێلۆژیی ) زانستی هێما/ واتا)یشی هەیە بە لقە زانستەکەی واتای وشە دانراوە))(مەحوی،٢٠٠٩: ٩٥) .

کرۆکی زانستی واتاسازی لێکدانەوەی واتایە، بەتایبەتی واتای وشە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە واتاسازی کۆتوبەند دەکرێت، هەربۆیە واتاسازی پانتاییەکی فراوانی ئاستەکانی زمان دەتەنێت و ئاوێتەی جۆرەکانی زمانناسی

دەبێت، پەیوەست بەئاوێتەبوونی واتاسازی بەزانستەکانی(کۆمەڵایەتی، دەروونی، دەماری، جوگرافی....تد)چەندین جۆری واتا هاتۆتەئاراوە(واتای بنەڕەتی، میتافۆری، دەروونی، کۆمەڵایەتی، بارکراو....)(محەمەد،٢٠١٠: ٢٣) ، هەروەها خودی سێمانتیك چەند لقێکی لێدەبێتەوە، وەك( سێمانتیکی درککردن، سێمانتیکی ئاماژە بەندی، سێمانتیکی لێکدەرەوەیی، سێمانتیکی بەرهەمهێنان....تد) .بۆزیاتر بڕوانە(مەحوی،٢٠٠٩:١٤٩-٢٠٠) . پەیوەست بە تیۆرییەکانی واتا چەند جۆرێکی سێمانتیك هەیە، لەوانە :

١-٢-١- سێمانتیکی درککردن:

سێمانتیکی درککردن( cognitive semantics) وەك ئاستێکی چالاکی زمانەوانی درککردنەو( cognitive Linguistics) لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە دەرکەوت، کار لەسەر لایەنی ئاوەز و توانا ئاوەزییەکان دەکات کە یارمەتیدەرن لە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە ئاخاوتن(جاراللە،٢٠١٤ : ٥١) لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستە بە ئەزموونەکانی مرۆڤ و بنیاتی واتای دەربڕاو لە زماندا . یەکە زمانییەکان سەرەداون بۆ چالاککردنی واتا لە ئاوەزدا . ئەو چالاککردنە لە تاکەکاندا جیاوازن لەبەرئەوەی واتا لەسەربنەمای ئەزموونی تاك و ئەزمونی هاوبەشی تاکەکان بەرهەمدێت. سێمانتیکی درککردن کار لەسەر واتای فەرهەنگی و ئاستی وشە(paradigmatic) و وشە هاوبێژ و فرەواتا و....تد و واتای دروستە چەمکییەکان دەکات کە کۆی زانیارییەکانن لە ئاوەزی تاکدا ، بەمەش سێمانتیکی درککردن کار لە ناو چەمکە زانیارییەکاندا دەکات( فەتحوڵا و (حەسەن،٢٠١٧ :٥١ ) . سێمانتیکی درککردن ئاراستەیەکی هەرە نوێباوی زمانەوانییە ، کە ئامانجی ئەوەیە واتا وەك دیاردەیەکی مەعریفی بناسێنێت https://benjamins.com/catalog/pbns.55 ، ئەویش لەڕێی خستنەڕووی پەیوەندی نێوان چەمکەکانی فۆرم و واتا(سێمانتیکی درککردن کار لەسەر چەمکەکانی فۆرم و واتای زمان بە وابەستەکردنی کۆزانیاری ئینسایکلۆپیدیایی و سەرنجپێدانی چەمکەکانەوە دەکات و لەچوارچێوەی سیمانتیکدا ڕاڤەیدەکات) (ئەحمەد" ٢٠١٣: ١٧) .

.

١-٢-٢- سێمانتیکی ئاماژەبەندی

سێمانتیکی ئاماژەبەندی پەسنی پێوەندی زمان بە دەرەوەی زمان دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە، ئەم جۆرەی سێمانتیك زیاتر کار لەسەر کردەقسەییەکان( speech act) دەکات، لەم جۆرەی سێمانتیکدا قسەکەر لەڕێی دەربڕینە ئاماژەییەکانی ناو جێناو... شتەکانی ژینگەکەی دەناسێتەوە و دەستیشانیان دەکات، لە سێمانتیکی ئاماژەبەندیدا سایکۆلۆژیای تاك ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت بەوپێیەی کار لەسەر بەکارهێنانی دەربڕینە ئاماژەییەکان دەکات بەرانبەر بەشتەکان . بابەتی سێمانتیکی ئاماژەبەندی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی پێش فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتوون، لەو سەردەمانەدا فەیلەسوفەکان لەوبڕوایەدابوون کە بیر درك بە شتەکانی ژینگە دەکات، بەڵام ئەرستۆ دواتریش زانایانی لۆژیك درکیان بەبوونی پێوەندی زمان کرد بە شتەکانی ژینگەوە نەك بیر و شتەکان، ئەمەش دوای دامەزراندنی زانستی زمان بەتەواوەتی سەلمێنرا(تودورف و اخرون"٢٠٠٠: ١٤ ) بەوشیوەیە پەیوەندی بیر و زمان و شتەکان لە کۆندا لەشێوەی هێڵکاری ژمارە(١)دا خرایەڕوو:

هێڵکاری ژمارە١

بیرۆکە

وشە.................................

ناونراو(شتەکان)

١-٢-٣- سێمانتیکی شیکەرەوەیی:

بۆچوونەکانی کاتز و فۆدۆر سەرچاوەی ئەم جۆرەی سێمانتیکن، ئەم تیۆرییە سینتاکس بە بناغەی بەرهەمهێنان دادەنێت، هەروەها زانایانی سێمانتیکی شیکەرەوەیی هەوڵی جیاکردنەوەی ڕێزمانیان لە واتا دەدا(قادر،٢٠٠٩: ١٠٢)، چونکە بەلایانەوە سینتاکس توانای بەرهەمهێنانی ڕێزمانی هەیە، یاسا سێمانتیکییەکان توانای نواندنی واتا و یاسا فۆنەتیکییەکان توانای نواندنی دەنگی دەرکردە( out put ) دروستە سینتاکسییەکانیان هەیە(فەرەج،٢٠١٥: ٨٧) . سێمانتیکی شیکەرەوەیی کە هاوکات بە سێمانتیکی پێکهینانیش ناوزەنکراوە(پێڕەوبەندانە پێناسەی لێکسیم یان وشەکانی زمان دەکات بەهۆی سێما پێکهینەرەکانەوە سادە و ساکارانە دەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو پەیی بەواتای فرمەکانی زمان ببرێت) (ئەحمەد،٢٠١٣: ١٣) . بەبۆچوونی کاتز و فۆدۆر دەکرێت بابەتەکانی سینتاکس لە قاڵبی واتا لێکبدرێن و (واتاسازی سینتاکس)ی بەرهەمبێت، کە تێیدا دروستەکان لە ئاستی سینتاکسدا و شیکاری ڕستە و دروستە پێکهێنەرەکانی ڕستە و پێوەندی نێوان ئەو ستراکچەرانە لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە لە خۆدەگرێت. یەکێك لە ئامانجە دیارەکانی ئەم جۆرەی سێمانتیك جیاکردنەوەی هەندێ لە دیاردەکانی پێوەندییە واتاییەکانی وەك (هاوواتایی، دژواتایی...)ە، ئەوەش لەڕێی خستنەڕووی سیما سێمانتیکییەکانی(سیمای سینتاکسی ، سیمای سێمانتیکی، سێمای جیاکەرەوە)وە .(محەمەد،٢٠١٠: ٥٩) .

١-٢-٤- سێمانتیکی بەرهەمهێن

سێمانتیکی بەرهەمهێن بەهای ڕۆنانی ژێرەوە ( Deep stricture) فراوانتردەکات، بەئاستێك دروستەی فەرهەنگی دەبێتە بەشێك لە ڕۆنانی ژێرەوە و یاساکانی گوێزانەوە کاریگەرییان لەسەر واتا نابێت، بەپێی بۆچوونی زانایانی ئەو تیۆرییە بەشێك لە یاساکان هەر لەفەرهەنگدا پێش گەیشتنیان بە ڕۆنانی ژێرەوە بە سەر بنیاتی کەرەستەکاندا دێن . زمانەوانە ئەمریکاییەکان وەك(پاوڵ پۆستال، جۆن ڕۆس....) کاریان لەسەر ئەم تیۆرییە دەکرد(مەحوی، ٢٠٠٦: ٦)(حسن، فەرهاد ،٢٠١٠: ٢٥) .

سێمانتیکی بەرهەمهێن واتا بە کرۆکی بنیات دادەنێت، واتای دروست بەپێی ئەو جۆرەی سێمانتیك ڕێزمانی دروست بەرهەم دەهێنێت، بۆیە بایەخ بە سێمانتیك و یاسا دەدەن، زمانەوانانی سێمانتیکی بەرهەمهێن هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنان بە واتا دادەنێن، چونکە خودی ڕێزمان لە پەسنی واتایی ڕستەوە دەست پێدەکات دواتر بنیاتی سینتاکسی بەرهەمدێت.

١-٢-٥- سێمانتیکی لۆجیکی

لێکدانەوەی فۆرمە زمانیی و لۆژیکییەکان مەبەستی سێمانتیکی لۆجیکییە، ئەم جۆرە سێمانتیکە بۆیەکەمجار لەلایەن ( Schaf ) لە کتێبەکەیدا سەرەتایەك بۆ سێمانتیك ئاماژەی بۆکراوە، بایەخدانی سێمانتیکی لۆجیکی بە یاسابەندیی دەربڕاوەکان وپێوەندی نێوانیان، هەروەها خستنەڕووی ڕاستی و ناڕاستی دەربڕینەکان کە کاری ئەم جۆرە سێمانتیکەیە، سێمانتیکی شێوازبەندانە و هەندێجار سێمانتیکی مەرجی

ڕاستی پێك(contraption semantics) ی پێدەوترێت(ئیسماعیل،٢٠١٥: ٤٧)
.

گەر تێبینی بکەین هەموو جۆرەکانی سێمانتیك خاڵی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگی واتا، پەسنکردنی تەنێك دۆخێك ڕووداوێکی ژینگە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا یان بە لێکدانەوەیەکی خواستراو و شاراوە، ئەمەش بەوەمان دەگەیێنێت کە واتای سێمانتیکی لە بەکارهێنانی زمان بەرانبەر بە تەن و شتەکانی ژینگەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو سنورەش نابەزێنێت . بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە سێمانتیکی ڕێکبەندیدا دۆخەکە جیاوازە، واتاکە لە کەلتور و ڕەخنەی کەلتورییەوە بەرهەمدێت و هەڵدەهێنجێنرێت.

١-٣-کەلتور

کەلتور زاراوەیەکی ئاڵۆزە لەڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە، چەمکی کەلتور چەمکێکی گشتیی و قوڵە، هەربۆیە دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گشتگیر و یەکلاییکەرەوە بۆ کەلتور کردەیەکی سانا نییە، لە زانستی کۆمەڵناسیدا کەلتور هەموو بابەت و بەرهەمە کەلتورییەکان، کرداری کەلتور و سەرهەڵدانی بواری کردەیی و ئاوەزی و ئاکارییەکانی کەلتور دەگرێتەوە، کەلتور ناوێکی گشتییە سەرجەم کردار و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بەدەستهێنراوەکان دەگرێتەوە کە لەڕێی هێماکانەوە دەگوێزرێنەوە، چونکە کەلتور ناوێکە بۆ هەموو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ لە زمان هونەر، زانست، یاسا و دەسەڵات و بەها و داب و نەریتەکان، بیروباوەڕ و ئایین، کارە دەستییەکان (الخلیل،٢٠١٦: ٧٩) . بەپێی بۆچوونی رایموند ولیامز کە باسی کەلتوری بەریتانیا دەکات، کەلتوور تەنها ئەوە نییە ، کە لە زانکۆکانی کامبردج .....دا دەخوێنرێت یان لە مۆزەخانەکاندا نمایش دەکرێت، ئەو پێی وایە کەلتور لەوە فراوانترە و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی و ئاوازە میلیییەکانیش دەگرێتەوە، بەردەوام دەبێت و مەبەستی ئەوەیە بڵێت کەلتور هەموو شانازییەکانی میللەت و گۆڕانییەکان و ژیانی لادێ و بەرهەمەکانی شکسپیریش دەگرێتەوە(https://www.jadaliyya.com/Details/43333) . کەلتور شێوازێکی دیار و تایبەتی خاوەن گەلێك سیمایە، تایبەتە بە گروپێك یان کۆمەڵێك و هەژموونی بەسەر ژیانی ئەو گروپ و کۆمەڵانەوە هەیە، بەڕادەیەك یەکە زمانییەکانی ئاستی گەیاندنی هزر بە گوێرەی بواری دیاریکراوی کەلتور دەگۆڕین و دەکەونە ژێر باری سیما کەلتورییەکانەوە، کەلتور(( بەهەموو ئەو پلانانە دەگوترێت کە بەشێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە چ ژیرەکی یان ناژیرەکی یان دژەژیرەکی وەك سەرمەشقی ڕێبەریکردنی ڕەوشتی خەڵك لەهەموو سەردەم و دەورانێکدا ئافرێنراون)) (سورخی،٢٠٠٦: ١١١) .

کەلتور خاوەنی چەند ڕەگەزێکە، ئەو ڕەگەزانە بۆ سەردەمی جیاواز دەگەڕێنەوە، هەر نەتەوەیەك خاوەنی کەلتوری تایبەتە بەخۆی کە سەرچاوەی ڕەخساندنی ژیانێکی هاوبەشی تاکەکانێتی و دواتر دامەزراندنی سیستەمێکی کەلتوری کە لەڕێیەوە توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و خۆی لەوانیتر پێجیابکاتەوە(سابیر،٢٠٠٨: ١٨) بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەلتوری هاوبەش لە نێوان میللەتان و نەتەوە و ئیتنە جیاوازەکاندا نییە، بۆیە دەکرێت بوترێت کەلتور پاشخانی مەعریفی و دونیابینی و داب و نەریت و زمان و ئەدەبی میللەتانە، کەلتور تۆماری کار و چالاکی و داهێنانی کۆمەڵێك، میللەتێکە بەدرێژایی مێژوو کۆیکردووەتەوە، کەلتور ئاوێنەیەکە میللەتانی تێدا دەبینرێتەوە.

بەلای هدسنەوە کەلتور دووبەشە، بەشێکی وەرگیراوە و تاك لە کۆمەڵەوە وەریدەگرێت و پانتایەکی یادگە دەگرێتەوە، بەشێکیتری لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە سەرچاوە دەگرێت، (حەمەڕەشید،٢٠١٣: ١٠٧) دەکرێت، دواتر بگشتێنرێت و لە ناو کۆمەڵدا جێگیربیێت، وەك دەربڕراوە چەسپاوەکان لە پەند و ئیدیەم.

کەلتور کۆی زانیاری و دونیابینی و ئاوەزمەندی و مەعریفەی تاکەکانی کۆمەڵە کە بەدرێژایی ژیانیان کۆیانکردووەتەوە و بەکاریانهێناوە و سیماو خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵەکەی گرتووە و پێی ناسراونەتەوە و لەوانی دی جیایان دەکاتەوە . زۆر پێویستە پەیوەست بە زمانی کوردی جیاوازی لە نێوان کەلتور و کەلەپوردا بکرێت:

کەلەپوور کەرەستە کۆن و پاشماوەکانی پێشینانمانە دەکرێت تا ئێستا بەکاربهێنرێن دەشکرێت تەنها وەك هێمایەك بۆ مێژو و دونیابینی کورد پارێزراوبن لە چنراوەکان، کەلوپەل، قاپ و قاچاخ... بەڵام شانازیکردن بەو کەلوپەلە کۆنانە و بەکارهێنانی هەندێکیان ئەوە کەلتورە. لێکدانەوەی ڕەهەندەواتاییەکانی شانازیکردن بە ڕابردوومانەوە دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی سێمانتیکی ڕێکبەندی وەك لەبەشی( سێیەم)ی توێژینەوەکدا زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

١-٤-ڕەخنەی کەلتوری

ڕەخنەی ئەدەبی هەڵسەنگاندن وشیکردنەوە و لێکدانەوەی دەق و خستنەڕووی لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی دەقی ئەدەبییە ، ڕەخنە لە دیارترین پێناسەیدا (( هونەری لێکۆڵینەوەیە لە دەق و جیاکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانە، ڕەخنەی ئەدەبی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ورد و هەمە لایەنە و خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی دەقە بە مەبەستی دەرخستنی لایەنەکانی باش و خراپ و بەهێزی و لاوازی بەرهەمێك یان بابەتێکی ئەدەبی، بەشێوەیەك لای وەرگر پەسەندبێت...(زراقط،٢٠١٩: ١٣). پەیوەست بە کەلتور، توێژینەوەکان سێ ئاراستەیان هەیە، ئاراستەیەك کار لەسەر سیمۆلۆژیای زمان دەکات و ئاراستەی دووەم کار لەسەر سیمۆلۆژیای پێوەندیکردن و ئاراستەی سێیەم سیمۆلۆژیای کەلتور، دوابەدوای ئەمە ڕەخنەی کەلتوری سەرهەڵدەدات، ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی کار لەسەر دەق دەکات، لەڕووی زمان واتا و میتافۆرەوە، ئەوا ڕەخنەی کەلتوری تایبەتە بە ڕەخنە و لێکدانەوەی واتا و مەبەستە شاراوە و ئاشکراکانی دەربڕراوەکان، لەوڕووەوە پشتبەستوو دەبێت بە سێ جۆر لە واتا ، واتای ڕاستەوخۆ کە دەق و گوتار دەیگەیەنن و واتای میتافۆری و جۆری سێیەمیش واتای ڕێکبەندییە. (الیاسري، ٢٠٢٠) سەرەتاو دەستپێکی دەرکەوتنی ڕەخنەی کەلتوری چ وەك زاراوە و چ وەك بابەتێکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتی دوابەدوای( Raymond Williams) ، کە بەدامەزرینەری ڕەخنەی کەلتوری دادەنرێت و وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، لە ڕۆمانی یەکەمیدا کە لە ١٩٦٠بەناونیشانی(وڵاتی سەرسنوور) بڵاویکردەوە، دەڵێت((لەوشوێنەی لێی دەژین دەست بەبیرکردنەوە دەکەین)) https://www.jadaliyya.com/Details/43333 ، دیارە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کەلتوری ئەو شوێنەی لێی دەژین کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەکانمان هەیە. هەر لەوڕووەوە وایامز لە کتێبی(سیاسەت و ئاکار)دا

دەڵێت((( لە سیمینارێکی(ال . سی . نایتس)دابووم باسی ئەوەی دەکرد، لەم سەردەمەدا ئیتر کەس ناتوانێت لە واتای دراوسێ لای شکسپیر بگات، چونکە لەم شارستانییەتە میکانیکییە گەندەڵەدا شتێك نەماوە بەناوی دراوسێوە، منیش هەستام و وتم لەوێ لە وێلز زۆرباش لەواتای دراوسێ دەگەم))( سەرچاوەی پێشوو) (Leech) بۆیەکەم جار زاراوەی(ڕەخنەی کەلتوری) بەرانبەر بە تیۆریەکانی ئەدەبی دوای نوێگەری بەکارهێنا و دواتر لە ١٩٩٢ کتێبێکی لەوبارەوە بڵاوکرایەوە. تێڕوانینەکانی لیچ بۆ تێکستی ئەدەبی و جۆرەکانی گوتار لە دەربڕاوی ڕێکبەندییە کەلتورییکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تێیدا پەی بە شتە نەزانراو و جیا لە ناوەرۆکی وەسف و جوانیی دەق دەبات، ئەو تێڕوانینەی لیچ بایەخ بە شیعرییەتی گوتار دەدات بەمەبستی دۆزینەوەی ڕێکبەندە کەلتورییەکان و دامەزراوکردنی ناوەرۆکی سیستەمی پێوندیکردن و کاریگەرییەکانی.(عبدالله،٢٠١٧: ٣١٧) .

تێڕوانینەکانی هەریەك لە ڕۆلان بارت، میشیل فۆکۆ، جاك دریدا) ئاراستەی توێژینەوەکانی ڕەخنەی کەلتوریان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتور گۆڕی، بەمەش ڕەخنەی کەلتوری لە ڕەخنەی ئەدەبی جیادەبێتەوە بەوەی دووەم ناوەرۆك و بنیاتی بابەتە ئەدەبییەکان دەکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی، لەکاتێکدا ڕەخنەی کەلتوری بەدوای واتا شاراوە و پەیپێنەبراوەکانی دەقدا دەگەڕێت و مامەڵەکردنی لەگەڵ تێکستدا وەك ڕووداوێکی کەلتوری دەبێت .(سەرچاوەی پێشوو).

لە ڕەخنەی کەلتووریدا بەخۆداچوونەوە بناغەیە، ڕەخنەی کەلتوری لێپرسینەوەیە لە خود ئینجا ئەوی دی لە هەموو جومگەکانی ژیاندا، بەلای غوداممییەوە ئەوەی گرنگ بێت و کەرەستەی ڕەخنەی کەلتوری بێت، واتای دەربڕاو ڕێکبەندییە شاراوەکانی دەق و گوتارە(الخلیل،٢٠١٣: ٤٢)، تێکستی ئەدەبی بەلای ڕەخنەی کەلتورییەوە بابەتێك نییە بە تەنها بۆ پەسنکردن و وەسف و جوانی...، بەڵکو ڕێکبەندییەکی کەلتورییە، هەڵگری دەلالاتێکی شاراوەی پەیپێنەبراوە، ئەرکێکی کەلتوری بەجێدەهێنێت. بەوپێودەنگە دەبێتە بابەتی توێژینەوە کەلتورییەکان و هەوڵی دۆزینەوەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن دەدات و ئینجا مامەڵەی کەلەپوری و فۆلکلۆری(میللی) لەگەڵدا دەکات بۆ گەیشتن بە ناوەرۆکی.

توانای بیر و بیرکردنەوە لەکایەی ڕەخنە و ڕەخنەی کەلتوورییەوە دێتەبوون، ڕەخنەی کەلتوری چالاکییەکی هزرییە، لە کەلتورەوە سەرچاوە دەگرێت، کەلتور بەواتا فراوانەکەی دەبێتە مژاری توێژینەوەکانی، ڕەخنەی کەلتوری وەك بابەتێکی زمانەوانی کاردەکات لەسەر ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتن لە دەربڕراوە سیستماتیکییەکان و ئاشکراکردنی واتا شاراوە پەیپێنەبراوەکانی .(صیاد،٢٠١٧: ٥٠) .

بەو پێیەی ڕەخنەی کەلتووری مامەڵە لەگەڵ واتا پەیپێنەبراوەکاندا دەکات دەکرێت وەك هێزی هزر سەیربکرێت(ڕەخنەی کەلتوری توانای هزرییە لە خوێندنەوەی قوڵ و وردی دەق و پەیبردن بە پێوەندییەکانی دەق لەگەڵ بەهاکان لەلایەك و پێوەندی دەق بە لایەنەجیاوازەکانی کەلتور کە تاك بەکاریان دەهێنێت و لە دەقدا ڕەنگدەداتەوە لەلایەکیترەوە) ((تاسعدیت،٢٠١٨: ١٩) .

١-٥-ڕستەی کەلتوری

ڕستە خاوەنی دروستەیەکی زمانی و پێکهاتەیەکی واتاییە، واتای سێمانتیکی لە بنیاتی سینتاکسی ڕستەوە هەڵدەگوێزرێت، واتای شاراوەش واتا خواستراوە ئەدەبییەکانی ڕستەیە، کەواتە بۆ بەدەستهێنانی سێمانتیکی ڕێکبەندی جۆرە ڕستەیەکی تایبەت پێویستە، کە پێیدەوترێت( ڕستەی کەلتوری) . ڕستەی کەلتوری چەمکێکە، کار لەسەر هەژموونی کەلتور لەسەر پێکهاتە و بنیاتی وردی دەربڕراوەکان دەکات، ڕستەی کەلتوری بەرهەمی کرداری ڕێکبەندی و واتای شاراوەی دەربڕاوی پێڕەوبەندی(سیستماتیك)یە لە زماندا(الغذامي،٢٠٠٥: ٧٤) . سنووری ڕستەی کەلتووری تەواو جیاوازە لە ڕستەی سینتاکسی، دەکرێت تەواوی دەقێك ڕستەیەکی کەلتووری پێکبهێنێت . بۆ تێگەیشتن لە ڕستەی کەلتوری و ئەرکی ڕستەی کەلتوری پێویستە میتۆدێك هەبێت لە توانایدا بێت ئەو جۆرە ڕستەیە دەستنیشان بکات و ڕەخنەی لێبگرێت(الخلیل،٢٠١٦: ١٤٣) .بەگشتیش سێ جۆر ڕستە دەستنیشان دەکرێت:

١-ڕستەی سینتاکسی پێوەندی بە واتای ئاشکراوە هەیە٢-ڕستەی ئەدەبی پێوەندی بە واتای شاراوە و خوستراوەوە هەیە.٣-ڕستەی کەلتوری ، کە لە کرداری ڕێکبەندی و هەڵگری واتا شاراوە حوکمکراوەکانی کەلتورەوە سەرچاوە دەگرێت.(ڕستەی کەلتوری لە واتا شاراوەکانی کردە و ئەرکی ڕێکبەندی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت) (الخلیل،٢٠١٦: ١٤٤ ).

بەشی دووەم : سێمانتیکی ڕێکبەندی، چەمك و پێناسە.

٢-١- چەمکی سێمانتیکی ڕێکبەندی

سێمانتیك وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، لێکدانەوەی واتای ئاشکرا یان واتای خواستراوی وتنەکانە، بەلای (ڕۆلان بارت)هوە ڕێکبەندی چەمێکی گشتییە، مەبەستی بنیاتنانی دەق لەسەر بنەمای ئاماژەبەندی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی دەق لەتوانایدایە چەند مەبەست و واتایەك بگەیەنێت، بەو پێودەنگە دەکرێت دەق هەڵگری چەندجۆرێك ڕێکبەندی بێت لەوانە( ڕێکبەندی زمانی ، ڕێکبەندی هێماو نیشانە ، ڕێکبەندی کات و شوێن ، ڕێکبەند پێوەندیکردن ، ڕێکبەندی ناوەکی پەسنکەرانە ، ڕێکبەندی مێژوویی) کە بەلای (ڕۆلان بارت)هوە پێوەندی بە زانیارییەوە هەیە، بۆیە بە ڕێکبەندی کەلتوری ناوی دەبات . (الیاسری"٢٠٢٠: ٤) .

وەك زاراوە ڕێکبەندی مەبەستەکانی(ئەوەی لەسەر یەك سیستەم بێت )(صیاد،٢٠١٧: ١٠) یان هاوواتای( دروستە) بێت یان واتای ( سیستەم) دەگەیەنێت، لەئەم توێژینەوەیەدا زاراوەی ڕێکبەندی بەپەسەند زانرا، کە بە مانای دروست و پێکەوە بەندکراو بەشێوەیەکی دروست و تۆکمە دێت .

سێمانتیکی ڕێکبەندی بایەخ بە واتاشاراوەکانی پشت دەربڕراوەکان دەدات، ئەو واتایانەی نەمەبەستی قسەکەرە و نە گوێگریش پەیپێدەبات و هیچ کام لە قسەکەر و گوێگریش درکی پێناکەن. سێمانتیکی ڕێکبەندی بۆیەکەمجار شاعیر و ڕەخنەگری عارەب(عەبدوڵا غوذامی) لە چوارچێوەی ڕەخنەی کەلتوریدا ئاماژەی بۆکردووە. ئەوەش وەك دەرئەنجامێکی بیرۆکەکان سەبارەت بە کەلتور و لە توێژینەوە کەلتورییەکان بەگشتی و ڕەخنەی کەلتوری بەتایبەتی هەڵهێنجاندن(عبدالله،٢٠١٧: ٣١٧) .

سێمانتیکی ڕێکبەندی ڕەهەندی کەلتوری هەیە بۆیە پەیوەستە بە ڕستەی کەلتورییەوە، چەمکێکە بەرکەوتەی لەگەڵ پێکهاتەی کەلتوریدا هەیە، بەلای غودامیشەوە سێمانتیکی ڕێکبەندی دژی هەردوو جۆری واتای گوتارە(ئاشکرا و شاراوە)، تەنها لە گوتاری جەماوەری ناوازەدا دەردەکەوێت،

ئامانجیشی ڕەتکردنەوە بیری بەلاوەنان و دوورخستنەوەی دەقی دەستەبژێره(نوخبەیه) له ڕەخنه، بەشێوەیەك گەر لاوازیش بێت هەر پەسەند بێت ( الیاسری ، ٢٠٢٠ ) .

سێمانتیکی ڕێکبەندی لەلایەن غودامییەوە وەك ڕەگەزی حەوتەم له ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن، که ڕۆمان جاکۆبسون دەستنیشانیکردوون پێشنیازکرا، جاکۆبسون بۆ پێوەندیکردن شەش ڕەگەزی دەستنیشانکردووه (قسەکەر، گوێگر، پەیام، کۆد، کەناڵ ، دەوروبەر(محمد،٢٠١٢: ٧٨ ) غودامی ڕەگەزی حەوتەم به پێویست دەزانێت کە(ئەرکی ڕێکبەندییه).لەورووەوە غودامی دەڵێت(( لەڕوانگەی ڕەگەزی حەوتەم لەڕەگەزەکانی پێوەندیکردن پێشنیازی جۆری سێیەم له سێمانتیك دەکەین، که (سێمانتیکی ڕێکبەندییە)، گەر واتای ئاشکرا پەیوەسته به مەرجی سینتاکسی و ئەرکیشی پێوەندیکردنە، واتای شاراوەش پەیوەسته به (ئێستاتیکا)ی زمانەوه، ئەوا سێمانتیکی ڕێکبەندی پەیوەسته به تۆڕێك له پێوەندی تێکچرژاو که به درێژایی کات دروستبووه و ڕەگەزێکی کەلتوری پێکهێناوه که دواتر بووه به ڕەگەزێکی کارا، لەبەرئەوەی ئەو جۆره سێمانتیکه به تێپەڕبوونی کات و به پلەبەندی دروستبووه، بۆیه بەناخی گوتاردا ڕۆچووه و هەر به شاراوەیش له نێوان زمان و ئاوەزدا ماوەتەوه و کاریگەری خۆی کردووه بێئەوەی هەستی پێبکرێت . هۆکاری ئەمەش لەلایەك بۆ سەرقاڵبوونی ڕەخنەی ئەدەبی به ئێستاتیکای دەقەوه دەگەڕێتەوه و لەلایەکیتریشەوه بۆ توانای ڕەگەزەکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی له خۆشاردنەوه دەگەڕێتەوه، ئەمەش هۆکاری ئەوەیه که کاریگەری نەبینراو و هەست پێنەکراوی لەسەرمان هەبێت، بەشێوەیەك بیرکردنەوەمان کۆنترۆڵ دەکات و هەر گۆڕانکارییەکیش له هزر و بیرکردنەوە و شارستانییەتماندا ڕوودەدات تەنها له شێوەدایه و هەژموون و دەسەڵاتی واتا ڕێکبەندییەکه وەك خۆی دەمێنێت و حوکمی بیرکردنەوەمان دەکات . )) (غودامی،٢٠٠٥: ٧٢) . بۆنمونه (١) ئیدیەمێکه، خاوەنی دروستەیەکه، بەپێی سێمانتیکی ڕێکبەندی هەرسێ جۆری ڕستەی تێدایه:

١- ڕستەی ڕێزمانی که سەرچاوەی واتا ئاشکرا و زمانییەکەیەتی و واتای ڕستەکه له واتای یەکه زمانییه پێکهێنەرەکانی ڕستەکەوه سەرچاوەدەگرێت .
٢- هەرچی ڕستەی ئەدەبییه ئەوا واتاکەی له مەبەسته دوورەکەی ئیدیەمەکەوه دەئافرێت بەوپێیه مەبەستی(١) ئەوەیه که هەموو کەس نابیت به پیاوی گەوره و ئاغا .
٣- ڕستەی کەلتوری، سێمانتیکی ڕێکبەندی له(١)دا پشبەستوو دەبێت به جۆری کەلتوری نەزانی ((نەزانی کەلتورێکه، لەپشت هەموو ئاکارێکی ناپەسەند و ئازاربەخشەوەیە، کەلتوری نەزانی خەڵکی خۆی هەیە پشتیوانی دەکەن یان له نەزانییانەوه یان بەرژەوەندییان وادەخوازێت پشتیوانی له نەزانی بکەن، هەمیشەش قوربانی دەستی ئەو کەلتوره خەڵکی سادەیە که تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوەی ئازادیان پێڕەوانابینرێت ))(الخلیل،٢٠١٦: ٩٩) .. ئەوەی توێژینەوەکە زیاتر جەختی لەسەردەکاتەوه واتای ڕستەی کەلتورییە، لەپشت نمونەی(١)هوه که ئیدیەمێکه واتا و مەبەستێکی

کۆنەپەرستی و کۆیلایەتی قبوڵکردن و ملکەچبوون و گەورەکردنی دەسەڵاتدار دەبینرێت، ئەو واتایەی که پەیپێنەبراوه، ئەو واتایەش پەیوەسته به کەلتورەوه، کەلتوری کوردی دیاردەی ملکەچبوون و ڕازیبوونی به دەسەڵاتی زۆردارو پایەبەرزکردنەوه و پیرۆزکردنی زۆرداری تێدایه، بۆیه دەبینین به ناڕاستەخۆ بەبێئاگایی له وته و پەند و ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوه بێئەوەی پەیپێببرێت، ئەو واتایه واتای کەلتورییه و پێوەندی به کەلتورەوه هەیە، هیچ پێوەندییەکی به واتای فەرهەنگی و ئەدەبی ئیدیەمەکەوه نییه. با له نموونەی (١) وردبینەوه :

١- هەرچی سمێڵی سووربوو هەمزەئاغا نییه

.

نمونەی (١) له هێڵکاری ژماره (١)دا دەخەینەروو.

ڕسته

واتای فەرهەنگی واتای ئیدیەمی

----------------------

واتای کەلتووری

وەك دەرئەنجامێکی سەرقاڵبوونی سێمانتیك به واتای ئاشکرا و زانراو و ڕەخنەی ئەدەبیش به ئێستاتیکای دەق و گوتارەوه، واتای ڕێکبەندی شاراوه به پەنهانی ماوەتەوه و به تێپەڕبوونی کات کاریگەری خۆی لەسەر ژیان و بیر و هزری کۆمەڵ بەجێهێشتووه، سێمانتیکی ڕێکبەندی کار لەسەر ئەو واتایه دەکات که له کردەی ڕێکبەندییەوه سەرچاوه دەگرێت و له گوتارەکاندا خۆی حەشارداوه، ئەم کردەیەش سێمانتیکی ڕێکبەندی پێی هەڵدەستێت خاوەنی ڕەهەندێکی ڕەخنەییه و پەیوەسته به ڕستەی کەلتورییەوه . لەوسۆنگەیەوه گەر بڕوانینه ڕستەی(١) دەبینین سەرباری ئەوەی سێمانتیکی ڕیکبەندی درك به واتایەکی شاراوەی پراوپڕ دەکات، لەهەمانکاتدا ڕەخنەیەکی توند له بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی دەگرێت بەوەی بەباڵای ئاغاو دەرەبەگدا هەڵدەدەن و به پیاوی گەورەی دەزانن و به دیدی کۆمەڵی کوردی که له ئیدیەمەکاندا بەرجەستەدەبن و ئیدیەمەکانیش بەڵگەی ئەزموون و دونیابینی کورده، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه (ئەحمەد، ٢٠١٧) هەموو کەس ناگاته ئاستی ئەو، لەوەش مەترسیدارتر بەکارهێنانی(هەرچی) که ئاماژەیه بۆ کەسەکان بەڵام بۆ بەکەم زانین و سوکایەتیکردن به کەسەکان مۆرفیمی(هەرچی) بەکارهێنراوه ، چونکه هەرچی لەگەڵ مرۆڤدا زیاتر بۆ دۆخی نێگەتیڤی بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن به مرۆڤ بەکارنایەت و گەر بەکاریش بێت زیاتر بۆ سوکایەتی و بەکەمزانینی مرۆڤەکانه، هەرچی بۆ شته نەك بۆ مرۆڤ .بۆنموونه :

١- هەرچیت لەدەست دێت بیکه . ( بێمنەتییه)
٢- هەرچی دەبێت با ببێت .( بێباکی)
٣- هەرچی هەیە و نییه .

دیاره ئەمه کاریگەری نەرێنی لەسەر دونیابینی کۆمەڵی کوردی هەیە، ئەوەش ئەرکی سێمانتیکی ڕێکبەندییه پەیپێبباتب و بیخاتەڕوو، دوای ئەوەی نه سێمانتیك و نه ڕەخنەی ئەدەبی نەیانتوانیوه درك بەو مانایه بکەن .

٢-٢- گرنگی سێمانتیکی ڕێکبەندی :

هەرچەندە سێمانتیکی ریکبەندی وەك جۆرێك لە سێمانتیك بابەتێكی نوێیە، بەڵام گرنگی بابەتەکە لەو واتایانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە لێیان دەکۆڵێتەوە ، سێمانتیکی ڕێکبەندی پێویستییەکی پڕ بەهای زمان و کۆمەڵە، ئەو واتایانەی سێمانتیك پێیمان ئاشنادەکات بە تەنها پڕاوپڕ مەبەستی دەربڕراوەکان ناگەیەنن، بەڵکو لەپشت ئەو دەربڕراوانەوە گەنجینەیەك واتای شاراوە هەن درکییان پێنەکراوە، سێمانتیکی ڕێکبەندی ئامانجی خستنەڕووی ئەو واتایانەیە، سێمانتیکی ڕێکبەندی بەهای سینتاکسی و تێکستییە کە لە هەناوی گوتاردا شاراوەتەوە، ئەگەر سێمانتیك واتای ئاشکرا و شاراوەی یەکە زمانییەکان دەخاتەڕوو، ئەوا سێمانتیکی ڕێکبەندی لە واتا شاراوەنەزانراو و درکپێنەکراوەکانی گوتار دەکۆڵێتەوە، پەیپێبردن بەو واتایانە کارێکی سانا نییە، بەڵکو پێویستی بە ئامرازی ڕەخنەیی تایبەت هەیە وەك( ڕەخنەی کەلتوری) بۆ درکپێکردنی .(الخلیل"٢٠١٦ :١٧٣) .

جاك دورەیدا پێیوایە، کاتێك بەدوای واتای وشەیەکدا دەگەڕێین دەچین بۆ فەرهەنگ و لەڕێی پەیوەندی بەوشەیترەوە واتاکە دەستدەکەوێت، ئەوەش بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە واتای وشەکان چەسپاو و نەگۆڕنین، بۆیە دەق لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، یەکێك لەو لێکدانەوانانە واتا شاراوە پەیپێنەبراوەکانە کە سێمانتیکی ڕێکبەندی بەپێی بنەماکانی ئاشکرای دەکات . سێمانتیکی ڕێکبەندی لێکدانەوەی واتای دەق و گوتار تێدەپەڕێنێت و بەدوای واتای نەزانراوی کەلتوریدا دەگەڕێت، ئەو واتایەی مەرج نییە لە دروستە زمانییەکەوە سەرچاوە بگرێت بەڵکو ئەوە کەلتورە ئەو واتایە دەبەخشێت بە دەق و گوتار، بۆیە سەرباری گرنگی دروستەی زمانی وەك بناغەی بنیاتی دەق بۆزیاتر سەبارەت بە بنیاتی زمان و واتا بڕوانە(محەمەد، "٢٠٢٠) بەڵام لە سێمانتیکی ڕێکبەندیدا کەلتور کەرەستەیەکی سەرەکی دەبێت، بەڵکو سەرچاوەی بنیاتی واتا نەزانراوە پەیپێنەبراوەکەی دەق و گوتار دەبێت (عبدالله،٢٠١٧: ٣٢١ ) .

گۆڕانکارییەکان لە ژیانی کۆمەڵدا تەربە لەگەڵ دید و بینینی کۆمەڵ بۆ وێنەکان، قۆناغەکانی ئەدەبیش دابڕاوین لە ژیانی کۆمەڵ، بۆیە دیدگاکان بۆ تێگەیشتن لە وێنەکانی دەق و گوتار و لێکدانەوەی واتاکانیان جیاوازدەبێت بەجیاوازی قۆناغەکان، لەسەردەمێکدا شیعری کلاسیکی کوردی پێوەری هەرەگرنگی ئاستی ڕۆشنبیری تاکبوو، لە ئێستادا تا ئاستی نەمان کاڵبوەتەوە، جۆرە شیعر و ئەدەبێکی نوێ باوە بەڵام نە ئەدەبە کلاسیکییەکە و نە نوێیەکەش بەدەرنین لە ڕەخنە و ڕەخنەی کەلتوری بەوپێیەی (ڕەخنەی کەلتوری هەڵقولاوی هزرێکن لە کۆمەڵدا ژیاون و دەژین) (الغدامی،٢٠٠٥: ١٩٦) . وەك نمونەی ٢ :

نمونەی ٢: قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمرور

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری(شارەزوور) نالی ل ١٧٥

ئەوەی تائێستا لەبارەی ئەم چامەیەوە وتراوە هەمووی ستایش و پیاهەڵدانە، لاوانەوەی شاعیر و پرسیارکردنی دۆخی ئاڵۆزی سلێمانی و میرنشینی بابانە، تابلۆی ڕەنگین و ئاهو حەسرەتی نیشتمان و میللەت، وەسفی سلێمانی و دەوروبەری....تد بەشێوازێکی تایبەت و ستایلێکی باڵا بۆ زیاتر بڕوانە(خەزنەدار")، ئەوەی پەیپێنەبراوە لەو شاکارەدا سێمانتیکی ڕێکبەندی درکپێدەکات و دەیخاتەڕوو، نالی خاوەنی هەست و سۆز و خۆشەویستی بێپایان بۆ نیشتمانەکەی کە لە ئاوارەییەوە ئاوا شاکارێکی بۆ دەنووسێت، و بەکوڵ بۆیدەگریت، کەچی ئامادەنەبووە بگەڕێتەوە و دەستلەملانی نیشتمان و خەڵکەکەی بێت و هاودەرد و هاوئازاریان بێت، لەکاتێکدا گەڕانەوەی بێ هیچ بەربەستێکی سیاسی و قەڵەمڕەوی دەبوو، خۆ گەر وەك (دەوترێت)خۆی دەڵێت چاوی بەڕایی نەداوە لەبەر تورکی داگیرکەر بگەڕێتەوە سلێمانی، ئەدی چۆنە لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی داگیرکارەکەی سلێمانییدا کە تورکیابووە تا دواساتەکانی ژیانی گوزەراندووە؟ ، ئەمە ئەو واتایەیە کە سێمانتیکی ڕێکبەندی دەیخاتەڕوو. واتاگەلێك کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەکانەوە بەتایبەتی شاعیران کە زۆرجار خۆیان بەدوور دەگرن لەڕووداوەکان و لەدوورەوە شین و گریان واوەیلادەکەن .

هەژموونی کەلتور وەنەبێ تەنها لە ئەدەبی کلاسیکیدا بوونی هەبێت بەڵکو لە ئەدەبی نوێ و فۆلکلۆری ...تد ڕەگی داکوتاوە بەڵام درکپێنەکراوە، ڕەخنەی کەلتوریی لە کایەی سێمانتیکی ڕێکبەندیدا لە کارا دەبێت و هەژموونی کەلتور دەخاتەڕوو، لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی نوێی کوردیدا چەندین تەرز لە ڕەخنەی کەلتوری هەن . وەك نموونەی(٣) قانیع دەڵێت :

٣-سودی خاکی کوردستانم چەن هەزاران دەرهەزار

بۆت بنووسم کاکی کوردم، میوەیەکی بێشوومار

تووتن و گەنم و برنج و هەرزن و زەڕات و جۆ

گەنمەشامی و دیمیلە هەم داڕوجان و گسکەشار

قانیع ل١١٥

لە نمونەی ٣ دا، کە بەشێکی شیعرێکی شاعیرە، شاعیر زۆر بەوردی ئاماژەی بە زۆرینەی هەرە زۆری بەرهەمە کشتوکاڵی و چەند کانزایەکی کوردستان کردووە، بەشانازییەوە باسیاندەکات و دواتر ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە قانیع کاسبکار نییە بۆیە هەرئەوەندە دەزانێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی هیتریش هەن بەڵام وەك خۆی دەڵێت گەر زیاترت دەوێت لە ناوی بەرهەمەکانی کوردستان ئەوا بڕۆ بۆلای کاسبکارەکان زۆرتر هەیە، تائێرە، ئەرکی سێمانتیکە واتای ئاشکرای تێکستەکە لێکبداتەوە، بەڵام سێمانتیکی ڕێکبەندی دیوێکی نەزانراوی ئەم تێکستە لێکدەداتەوە، گەر ئێمە خاوەنی ئەو هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییە جۆراوجۆرەین لە میوە ، دانەوێڵە، سەوزەوات، ئاژەڵداری مەڕوماڵات ، کانزاکانی وەك گۆگرد....تد ئەدی بۆچی ئێستا هەموو شتێکمان هاوردەکراوە و تەنانەت ئاوی خواردنەوەش لە دەرەوە هاوردەدەکەین، کەواتە ئەمە بۆئەوەمان دەبات، کە بەڵی سروشتی وڵاتەکەمان هەموو پێویستییەکانی بۆ دابینکردووین یان دابین دەکات بەڵام ئەوە خودی خۆمانین کە ناتوانین وڵاتداری و دەوڵەتداری بکەین ، ئەوە خۆمانین ئاوەزمەندی بەڕێوەبردنمان لاوازە و ناتوانین وڵات بەڕێوە بەرین، ئەمە ئەو واتا شاراوەیەی تێکستەکەی قانیعە، کە نە سێمانتیك و نە ڕەخنەی ئەدەبیش پەییان پێنەبردووە بەڵکو ئەوە سێمانتیکی ڕێکبەندییە ئەو واتایە دەخاتەڕوو.

بەشی سێیەم : بنەماکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی

سێمانتیکی ڕێکبەندی لەسەر چەند بنەمایەك کاردەکات، شرۆڤەی رۆڵی کەلتور لە واتای دەق و گوتاردا بابەتی سەرەکیی ئەو جۆرەیە لە سێمانتیك،

بەڵام بەشێوازی جیاواز شرۆڤەکانی دەکات ، دەمارگیری و زێدەڕۆیی لە وەسف و پیاهەڵدان چ لە دەق یان گوتاری سەرۆك و بەرپرس و....تد ڕەتدەکاتەوە . لە بنەما دیارەکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی :

١- سێمانتیکی ڕێکبەندی بەتەواوەتی دژی ئەو تەرزەیە لە دەزگای کەلتوری، کە بڕیارەکانی پشتبەستوو دەبێت بە دەسەڵات و باڵادەستی لە ئەدەب یان گوتاردا، واتە بیری کەڵە شاعیر و کەڵە شیعر ڕەتدەکاتەوە، بۆنمونە جیاوازی نێوان شیعری میللی و شیعری هونەری . سێمانتیکی ڕێکبەندی پێی وایە ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە و لە کەلتورێکی ناشیرینەوە سەرچاوە دەگرێت و پێوەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت خودی تێیدا چالاکن و دەبنە سەرچاوەی بڕیاردان لەسەر دەق و گوتار، شاعیرێك کە تەنها لەبەرئەوەی بە شاعیری میللی ناسراوە ئیتر هەمیشە بەرهەمەکانی لە خوار بەرهەمی شاعیرێکی هونەرییەوە بێت، یان نووسەرێك کە بەرهەمی باش و نووسەرێکی ناوداربێت ئیتر نووسینەکانی هەمیشە باشن، بەلای سێمانتیکی ڕێکبەندییەوە ئەوە هەڵەیەکی زەق و دیارە، هەموو شاعیر و نووسەر و ئەدیبێك بەرهەمی باش و باڵا و هەروەها بەرهەمی لاوازیشی دەبێت، بۆیە ناکرێت لەسەر بنەمای ناو بڕیار لەسەر بەرهەمی شاعیر و نووسەر بدرێت، چونکە خودی شاعیر یان نووسەر نابن بەپێوەر بۆ پۆلێنکردنی بەرهەمی ئەدەبی، ئەوە هەژموونی کەلتورە ئەو دیاردە نازانستییە دێنێتە ناوەوە، سێمانتیکی ڕێکبەندیش ڕەتیدەکاتەوە، ناکرێت هەمیشە گۆران لە لووتکەدابێت لەبەرئەوەی خاوەنی ئەدەبیاتێکی باڵایە و ( عەلی بەردەشانی)یش هەمیشە وەك شاعیرێکی میللی سادە سەیربکرێت لە کاتێکدا نەبەرهەمی گۆران خاڵییە لە خەوش و کەموکوڕی و لاوازییە بۆنموونە بەشی دووەم لە شیعرەکانی قۆناغی دووەمی شیعری گۆران زیاتر وەك دروشمێك بۆ پشتیوانی پارتێك، دەسەڵاتێك..تد دەرکەوتووە، تەنانەت شیعری گۆران لە شیوەی شیعری میللی و فێرکاریشدان(خەزنەدار،٢٠٠٦: ٥٧٥) و نە هی(عەلی بەردەشانی) خاڵییە لە هونەر و بیری باڵا، کەواتە ئەوە کەلتورە ئەو بڕیارە دەدات و سێمانتیکی ڕێکبەندیش ڕەتیدەکاتەوە(الغذامی،٢٠٠٥: ٥٨ ) .

وەك نمونەی( ٤ ) شیعرێکی سادە و ساکاری گۆرانە لەشیوەی (پیەس)دایە:

ناوت چییە ؟ مام چەوەندەر

لە کوێ دەژی؟ لەدەشت و دەر

بەچی هاتی ؟ بەپشتی کەر

کێ هانیتی؟ لالە ڕەنجدەر

چۆنی هێنایت؟ بەدەردی سەر

بۆکێی هێنایت؟ ئاغای سێبەر

دیوانی گۆران ل٢٧٩

سێمانتیکی ڕێکبەندی گۆران و عەلی بەردەشانی لە دیدی بەرهەم و بیرەوە هەڵدەسەنگێنێت نەك بڕیاری پێشوەختە، شیعری موحاکەمەی مام چەوەندەری گۆران نمونەی شیعری سادەیە و نمونەی شیعری (٥) (عەلی بەردەشانی) بە شیعرێکی شێوە سادە و ناوەرۆك باڵایە و ناکرێت بەحوکم و هەژموونی کەلتوری و بڕیاری شاعیری لوتکە و کەڵەشاعیر و ....تد ، بەشیعرێکی لاواز سەیربکرێت .

نمونەی ژمارە( ٥ )

ئەگەر یارم ناناسن

باریکە و بەڵەك چاوە

قەدی نەمامی عەرعەر

لاولاوی تێ ئالاوە

شیعری کوردی ل٧٦

بەڵگەی هەرە دیاری ئەو بوارە نامەگۆڕینەوەیەکی مەلای جزیری و فەقێی تەیرانە، جزیری شوێن و پێگەیەکی دیاری لە شیعری کلاسیکیدا هەیە و فەقێی تەیرانیش لە خانەی شاعیرانی میللیدایە بەڵام خودی ئەو نامە شیعرییە زۆرێك لەو بۆچوون و حوکمە کەلتورییانە بەرانبەر بە هەریەك لە مەلای جزیری و فەقێی تەیران هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە دەقەکان لەیەك ئاستدان و مەلای جزیریش هاوشێوەی فەقێی تەیران بەشان و باڵای فەقێدا هەڵدەدات .وەك لە نموونەکانی( ٦ - ٧)دا دیارە .

٦-شیعری فەقێ بۆ مەلای جزیری:

(کاف ، ها) ئسمێ کوورە

طوغرایە د تەنزیلێ

جسم وی(کوە طورە)ھ

ئیجمالە د تەفصیلێ

جەمال عەینێ نورە

(کەوکەب) مە د قەندیلێ

٧-وەڵامی مەلای جزیری بۆ فەقێی تەیران :

(کەوکەب) دبیم بەشەرە

نورەك(منزە) تێ

چ(حوسنك) مصەوەرە

ئسمەك ژ (الله) تێ

(یەقین) ب خۆ مەضھەرە

چەرخە سەد گەھ تێ

دیوانی مەلای جزیری ، ١٩٧٧ل ٥٧٢

ئەم دۆخە بۆ گوتاریش ڕاستە ئەوە کەلتورە هەمیشە گوتاری دەسەڵاتدار لە سەرۆك و بەرپرس و سەرۆك خێل ...تد بە پەسەند و باش دەزانێت، بەبێگەڕانەوە بۆ ستراکچەر و واتای گوتارەکان . زۆرجاریش سەرچاوەیەکن بۆ دروستبوونی دیکتاتۆر و لەخۆباییبوونی بەرپرسان و دەسەڵاتداران . دیاردەی هەژموونی کەلتور کاریگەری لەسەر ڕەخنە و ڕەخنەگریش کردووە بۆیە زۆرجار بەپێی ئەو پۆلێنە کاردەکەن کە کەلتور سەپاندوویەتی، هەمیشە پەسنی لایەنی جوانی و باڵایی و زمانی پاراو و توانای بەکارهێنانی وشە و یاریکردن بە وشە لە شیعری گۆراندا بابەتەسەرەکییەکانی ڕەخنە و ڕەخنەگرن ، لە بەرانبەردا بە ئەستەم لا بەلای شیعری( عەلی حەریری و عەلی بەردەشانیدا) دەکرێتەوە . ئەمەیە کە سێمانتیکی ڕێکبەندی دژی دەوەستێتەوە . دەیەوێت ئەدەب و ئەدەبیات و نووسەر لە کۆت و بەندی

کەلتور و بڕیاری پێشوەختەڕزگار بکات، لەڕێی هەڵسەنگاندنی زانستییانەی بەرهەمی ئەدەبی شیعر یان گوتار.

بیری کەڵە( شاعیر، نووسەر ، ئەدیب ، سەرکردە ، سیاسی ....تد ) هۆکاری سەرەکین لە بنیاتنانی کەسانی خۆ بە زلزان و ڕەتکەرەوەی ئەوانیتر، کەسایەتییەکی تێکشکاوی لەسەر بنەمانی(منی باڵا ) بنیاتنراو بەرهەمدێنێت ، کە نەك تەنها خودی کەسە بەرهەمهاتووەکە بەدەستی کەسایەتی ئیزدواجییەتەوە گیرۆدە دەبێت بەڵکو ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی بۆسەر کۆمەڵ و کەلتوری کۆمەڵ دەبێت (عبداللە"٢٠١٧: ٣٢١) . ئەمە لە شیعری کوردی هەندێك لەشاعیراندا ئاشکرا دیارە بەخۆوە نازین . نمونەی( ٨ )

٨-بەمارف بەگ بڵێن قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە
زمانی من لە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زەحاکە

دیوانی شیخ رەزا ، ل٢٢

ئەوە هەژموونی کەلتورە بەبەکارهێنانی ئەندامەکانی نێرینە ومێینە وشە و دەربڕاوە تابووەکان شاعێرێك دەباتە قۆناغی (شاعیری شاعیران و کەڵەشاعیر و شۆڕەسوار...تد) لەکاتێکدا بەشێك لە شیعرەکانی شیخ ڕەزا شەرەجنێوێکی منداڵانەی کێش و سەرواداره . چونکە شیعری داشۆرین (هەجو) تەنها بە جنێوفرۆشی نییە، بەڵکو هونەرێکی باڵایە و تەرزێکی تایبەتی شیعرە . بۆنمونە شیعرەکەی نالی کە بۆ مەستورەی ئەردەڵانی نووسیوە :

ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ
مەستورە بە مەستورە دەبێ موهرە گوشا بێ     دیوانی نالی ل٦٠٣

٢- بوونی ڕەگەزی حەوتەم وەك ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن بەهاو گرنگی زۆری هەیە، چونکە بە داننان بە بوونی ڕەگەزی حەوتەم لە کردەی پێوەندیکردن کە (ئەرکی ڕێکبەندییە)، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرباری ئەرکەکانی جوانی و بەها و واتا و ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتی ..تد دەق و گوتار، کە ڕاهاتووین لە پەیپێبردنی ئەوا ڕەهەندە ڕێکبەندیەکانیش کە دەق و گوتار وەك کردەیەکی کەلتووری پێشان دەدەن و حوکمی گوتارەکانمان دەکەن کارا دەبن، بە بۆچوونی (غودامی) ((دوای زیادکردنی ڕەگەزی حەوتەم بۆ ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن ئەرکەکانی پێوەندیکردن بەمشێوەیە دەبن: ا- ئەرکی خودی کە تێیدا جەخت لەسەر قسەکەر(نێرەر)دەکرێتەوە .ب- ئەرکی هەواڵگەیاندن و ئاگادارکردنەوە کە جەخت لەسەر وەرگر دەکرێتەوە .پ- ئەرکی سەرچاوە کە تێیدا جەخت لەسەر دەوروبەر بکرێت .ت- ئەرکی فەرهەنگی کاتێك جەخت لەسەر کۆد بکرێتەوە .ح- ئەرکی ئاگادارکردنەوە کە جەخت لەسەر کەناڵی گەیاندن بکریت .خ- ئەرکی جوانی دەربڕین کە تێیدا پەیام جەخت لەسەر خودی خۆی دەکاتەوە .ج- ئەرکی ڕێکبەندی کە غودامی خستوویەسەر ئەرکەکان و جەخت لەسەر ڕەگەزی ڕێکبەندی دەکاتەوە)).(غودامی،٢٠٠٥: ٦٦ ) .

ئەرکەکانی پێوەنیدیکردن دوای زیادکردنی ڕەگەز و ئەرکی حەوتەم لەهێڵکاری ژمارە(٢)دا دەخەینەڕوو :

هێڵکاری(٢)

کۆد

دەوروبەر

پەیام

نێرەر____________________ وەرگر

کەناڵی پەیوەندی

ڕەگەزی ڕێکبەندی

سەرچاوەی هێڵکاری(غودامی،٢٠٠٥: ٦٦ ) .

٣-چەمکی ڕێکبەندی کەلتوری : بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕێکبەندی کەلتوری پێویستە سەرەتا بپرسین، ڕێکبەندی کەلتوری چییە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ چۆن لە ڕێکبەندییەکانی ئەدەبی و زمانیی....تد جیادەکرێتەوە؟ ئەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی چەند جۆرێکی ڕێکبەندی و بەکارهێنانیانە لە گوتاردا. لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ڕێکبەندی کەلتوری:

ا- ئەرکی ڕێکبەندی ڕۆڵی باڵای هەیە لە دیاریکردنی خودی ڕێکبەندییەکە(( ڕێکبەندی بەپێی ئەرکەکەی دیاریدەکرێت نەك بەپێی پێکهاتە و دروستەکەی، ئەرکی ڕێکبەندیش تەنها لەو دەق و گوتارانەدا دەبێت کە هەڵگری دوو واتای ئاشکرا و شاراوەی دژ بەیەکن، واتە سێمانتیکی ڕێکبەندی لە هەموو دەقێکدا کارا نابێت، بەڵکو تەنها لەو دەقانەدا دەبێت کە واتایەکی ئاشکرای زمانیی و ئەدەبی هەیە و واتایەکی شاراوەی درکپێنەکراوی دژ بەواتا ئاشکراکەیشی هەیە .بەلام بەمەرجی وەرگرتنی دەق هەموو شاعیران بەبێجیاوازی، واتە ڕەتکردنەوەی پۆلێنکردنی شاعیران بەڵکو مامەڵەکردن لەگەڵ خودی دەقدا)) (تاسعدیت،٢٠١٨: ٣٨)بەمەش واتا شاراوەکەی دەق کە لەژێر هەژموونی کەلتوردا دەبێت ئاشکرادەبێت . ئاشکرابوونی واتا شاراوە ڕێکبەندییەکە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکە دەبێت، بەشیوەیەك واتا ئەدەبییە ئاشکراکەی لەدەست نەدات چونکە واتا لە سێمانتیکی ڕێکبەندیدا جێگرەوەی واتا سێمانتیکەکانیتر نییە، بەڵکو ئەو واتایانە بەکارهێنراون بۆ داپۆشین و شاردنەوەی واتا پەنهانییە کەلتوورییەکە و ئەوەش ئەرکی سێمانتیکی ڕێکبەندییە درکپێیکات و بیخاتەڕوو( غودامی،٢٠٠٥: ٧٨) . وەك نمونەی(٩)پیرەمێرد لە شیعری فەلسەفەی شیعری کوردیدا شاکارێك دەهۆنێتەوە و دەڵێت :

نمونەی ٩

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی
سوراحی سەرفروو دێنێ لە بۆ پیاڵە کە تێکا بۆی .

دیوانی پیرەمێرد ل١٨٥

پیرەمێر تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی سەردەمی خۆی هەر لە حوجرە وەك سەرەتا و دواتر خوێندنی قوتابخانەکان لە تورکیا و تا تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی، بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی بڕیوە و بینیووە ، شارەزایی و ئەزموونی باشی سەبارەت بە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و شێوازی حوکمڕانی ....تد هەبووە، هەرگیز ناکرێت، بوترێت، ئەو هۆنراوە بەناوبانگەی تەنها بۆ دڵنەوایی شێخ و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە وتووە، پیرەمێرد کە بە بوێری و شارەزای بواری کارگێڕی و ڕۆژنامەگەری...تد ناسراوبوو، دەبێت درکی بە مەترسییەك کردبێت زۆر لەوە گەورەتربێت کە دەوترێت، بۆیە ئەو هۆنراوەیە دەهۆنێتەوە ، ئەمەش بۆئەوەمان دەبات گومان بخرێتە سەردەسەڵاتی ئەو

سەردەمە چونکە پیرەمێرد ڕەخنەگر و بوێر بووە و قسەی لەکەس قبوڵنەکردووە، دەبێت ئەو شیعرە لە دۆخێکی پڕ مەترسیەوە سەرچاوەیگرتبێت، کە ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی کوردی ئەو سەردەمە دەخاتەڕوو، ئەو ڕووە ڕاستەقینەیە سێمانتیکی ڕێکبەندی لێیدەکۆڵێتەوە و بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت : ئایا دەسەڵاتەکە ستەمکاربووە؟ ئایا بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین هەبووە؟ ئایا دەستی هەبووە لە دروستکردنی هەڕەشە بۆسەر خوێندەوار و شاعیران و ئەدیبانی ئەو سەردەمە؟ چ گروپێك لە ئەدیبان و نووسەران لای پەسەندبووە؟ بۆچی خەڵکی و شاعیران بەشان و باڵیاندا هەڵداوە؟ ئایا ئەوە شێوەیەك نییە لە خوڵقاندنی دکتاتۆر؟ ئەی بۆ دەسەڵاتەکە قبوڵی کردووە؟ ئەم پرسیارانە واتای ڕێکبەندی کەلتوری فەراهەمدەکات . وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارانە لەم دێڕە شیعرەدا هەیە، کە وەك نمونەی( ١٠) دەیخەینەڕوو:

نمونەی١٠

کە ئاو داری لەسەر سەرگرتووە ئەیزانێ چی تیایە
لەلای نەنگە پەروەردەی نوقمکا گەورەیی وایە

دیوانی پیرەمێرد

ل١٨٥

ئەوە بە کەلتورکردنە هەموو جوانی و ناشیرینییەکانی دەسەڵات پیرۆزە و بەپیرۆزی دەمێنێتەوە. لێخۆشبوون لە پیرەمێرد لە دوای هۆنینەوەی ئەو شیعرە خۆی لەخۆیدا دەلالاتی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا دەگەیەنێت، گەر تاوانبارە ئەوە دادگا و تەنانەت حوکمی شەریعەت هەبووە، دەبوو ئەو ڕێکارانەی لەبەرانبەردا بگیرێتەبەر، گەر تاوانباریش نییە پەلکێشکردنی بەو شێوەیە کە ناچاربێت ئەو شیعرە بهۆنێتەوە دەلالاتیتری توندڕەوی فۆرمە دەسەڵاتییەکەی ئەو سەردەمەیە . لەو دێڕەدا شاعیر بە خشکەیی ئاماژە بۆ هەڕەشە و لەنابردن و کپکردنی دنگی بوێرو نارازیدەکات کاتێك باسی نوقمکردن دەکات . دەیەوێت بە شێخ بڵێت ئێوە کە شاعیر و ئەدیبان لەسایەتاندا گەورەبوون و ژیاون و دەژین نابێت هەوڵی لەنابردن یان ئازار و سەغڵەتکردنیان بدەن، وەك چۆن ئاو کە دار گەورە دەکات هەرگیز نوقمی ناکات، ئەم واتایە ڕەخنەی کەلتوری وەك واتایەکی ڕێکبەندی لە دەقێکدا بەرهەمی دەهێنێت، کە تا ئێستا تەنها وەسف و پیاهەڵدان و گەورەیی دەسەڵاتی تێدا پیشاندراوە .

ب- ڕێکبەندی بەرهەمێکە لە دەق و گوتاردا هەیە و هەڵگری واتایەکە، دەکرێت، واتاکە ئاشکرا یان شاراوە بێت، ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، واتا شاراوەکە بەرهەمی نووسەر نییە بەڵکو بەهەژموونی کەلتوور دروستبووە((واتای ڕێکبەندی بەرهەمی نووسەر نییە، بەڵکو لە گوتاردا ڕۆچووە، بەرهەمهێنراوی کەلتور و بەکاربەری خوێنەرە بەبێجیاوازی تەمەن و ڕەگەز ...تد، ئەو تەرزە لە ڕێکبەندی سروشتی گێڕانەوەی هەیە، چنراوێکی ورد و ڕێکە، توانای خۆشاردنەوەی هەیە لە ناواخنی لایەنی جوانی و ئەدەبی دەقدا، بەڵام دواتر ئاوەز و کاتەکان تێدەپەڕێنێت و هەندێجار درك بە بوونی دەکرێت لە هەندێك دەقدا و مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت هەرچەندە دژی بیر و باوەڕ و لێکدانەوە باوەکانیش بێت، چونکە لەڕووی ویژدانەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەین))(غودامی"٢٠٠٥: ٧٩)) . ئەمە بەتەواوەتی لەگەڵ لێکدانەوەی ڕێکبەندی نمونەی ژمارە( ١١ ) پیرەمێرددا دەگونجێت، هەرچەندە پێدەچێت لەگەڵ بیروباوەڕی زۆرماندا گونجاو نەبێت، بەڵام خستنەڕووی بەشێك لە ڕاستییەکان ئاسودەیی بەمرۆڤ دەبەخشێت :

نمونەی ١١ لقی شۆڕی درەخت میوەی دەخۆن بێ ئەرکی بەرد و دار
پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە ، لەقەیش بۆسەر پەلی بەردار

دیوانی پیرەمێرد

ل١٨٦

لەو دێڕەدا واتایەکی ڕێکبەندی خۆی حەشارداوە بە هەژموونی کەلتور شاردراوەتەوە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی شێخ لە خەڵك دابڕاوە و دوورکەوتووەتەوە، خەڵکی بەئاسانی نەگەیشتوون بەشێخ، چونکە گەر خەڵك دەستی بگات بە لقی بەردار ئەوا هەرگیز بەردی تێناگرێت، بەڵکو داروبەرد بۆ ئەو لقانەیە کە دەست پێیان ڕاناگات . واتە بە خشکەیی پیرەمێرد ئەوەی وتووە، کە ئەوان واتە دەسەڵاتەکەی شێخ بەرزدەڕوانن، خەڵك نابینن و خەڵکی پێیان ناگات تا لەڕاستی دۆخی گوزەرانیان بەئاگابن بۆیە بەناچاری ڕەخنەدەگرن و قسەدەکەن و ناڕەزایەتی دەردەبڕن .

ئەوەی جێی سەرنجە لەو بۆچوونەدا ئەوەیە، واتاشاراوە بەدەستهاتووەکان لەڕێی سێمانتیکی ڕێکبەندییەوە لەڕستەیەکی کەلتورییەوە بەرهەمدێت، کە جۆری ڕێکبەندییەکە دەستنیشانی دەکات، مەرجیش نییە هەمیشە مەبەستپێك و دروست بێت، ئەمەش وادەخوازێت کە پێداچوونەوە و وردبوونەوە لە بابەتی ڕێکبەندییەکەدا هەبێت نەك بەشێوەی گومان و یەك جۆری لێکدانەوە بێت بەڵکو بەپێی کەتواری(واقیعی) کەلتوری پەیوەست بە (نەژاد ، ژینگە، نەسەب ..تد) واتا شاراوەکانی ڕێکبەندییەکە بخرێنەڕوو(عبدالله"٢٠١٧: ٣٢٤ ) .

پ- ڕێکبەندی کەلتوری ، جۆرە سیستەمێکی مێژوویی دامەزراو و جێگیرە، دەربڕینێکی پەیپێنەبراوی خاوەن شێوازی تایبەتە لەکارتێکردن( الخلیل"٢٠١٦: ٢٩٣) . ئەو جۆرە ڕیکبەندییە هەمیشە سەرکەوتووە چونکە خوێنەر هەمیشە ئارەزووی دەربڕینگەلێك دەکات، کە هەڵگری واتای شاراوەی پەسەندکراوی چێژبەخشن، بەبۆچوونی غودامی(( هەرکاتێك دەقێك خوێنەری زۆری هەبوو دەبێت بزانین ئەو دەقە واتای شاراوەی تێدایە و دەبێت بەدوای واتا شاراوەکەدا بگەڕێین، چونکە هەمیشە ئەو دەق و گوتار و تێکستانە شوێنی شیاون بۆ خۆحەشاردانی واتای کەلتوری لە هەناویاندا)) (غودامی"٢٠٠٥: ٨٠ ) نمونەی(١٢)( دێوەرە و کەر )ی عەبدوڵا پەشێو. هەڵگری واتایەکی کەلتوری بەخشکەیی دەربڕاوە، گوزارشت لە کەتوارێکی پڕ لە مەینەتی خەڵك و تەڵەکبازی دەسەڵاتداران دەکات، هەمیشە خەڵکیان کردووە بە قوربانی ویست و حەز و ئارەزوو بەرژەوەندییەکانی خۆیان . ئەوەی دەبێتە ڕستەی کەلتوری و واتای کەلتوری وەك کەرەستەی سێمانتیکی کەلتوری تێیدا بەرجەستەدەبێت دوا کۆپلەی شیعرەکەیە کە دەڵێت:

نمونەی ١٢ کە من کەربم
بارەبەربم
هەرژێك لە پشت
قوڕبەسەربم
فەرقی چییە
دەرد هەر دەردە
کەری تۆبم یان هی جەردە

دیوانی دکتۆرعەبدوڵا پەشێو ل٢٧١

لێرەدا واتایەکی پێچەوانەی واتا و مەبەستی شیعرەکە دێتەئاراوە، واتای شیعرەکە یاخایبوون و نارەزایەتییە کەبەزمانی ئاژەڵەوە گوزارشتی لێکراوە و ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی و دێرینی ئەدەبیاتە، بەڵام دواکۆپلە قبوڵکردنی کۆیلایەتی و رازیبوون بەوەی کە ئەو هەر دەردەکەی پێوەیە و لای خاوەنی بێت یان لای دزو جەردەکان، کە دەبوو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستەی بنواندایە، بەوەی لە خاوەنی خۆی و دزو جەردەش یاخی دەبێت بەتایبەتی ئەو کۆڵی لەپشت لابراوە و بەئازادی دەسورێتەوە بۆچی دەبێت دووبارە رازیبێت بەوەی ببێتە کۆیلەی کۆمەڵێکیتر . بەپێی سێمانتیکی ریکبەندی ئەمە نائومێدی کردنی خوێنەر و خەڵکە لە رزگاربوون لە کۆیلایەتی، ئەوەیە واتای ریکبەندی شاراوەی پشتی ئەو تێکستە کە پێچەوانەی واتای مەبەستە لەدەقەکەدا .

ئەو جۆرەی سێمانتیك کە خۆی بە لێکدانەوەی واتایی ئەو دەق و گوتارانەوە دەکات، کە هەڵگری مەرج وتایبەتمەندیی خاڵەکانی(ا-ب-پ) ن پێی دەوترێت ( سێمانتیکی رێکبەندی) ، لێکدانەوەی واتا لە کایەیدا جیاوازە لە هەردوو جۆری واتای ئاشکراو شاراوەی دەق و گوتار، سەرچاوەشی رستەی کەلتورییە کە جیاوازە لەهەردوو جۆری رستەی زمانیی و ئەدەبی، بەمەش چۆن گوتاری رێکبەدی جیاوازە لە گوتاری ئەدەبی بەو شێوەیەش رەخنەی کەلتوری جیاواز دەبێت لە رەخنەی ئەدەبی و بەپێی شیکارییە دەروونییەکان وەك سەرچاوەیەکی رەخنەی کەلتوری  کار لەسەر لایەنی نەستی دەکات لەدەقدا زیاتر وەك لەلایەنی هەستی ، بەوپێیەی خودی دەق هەڵقولاوی لایەنی نەستییە(تاسعدیت،٢٠١٨: ٢٧) .

٤-ئەرکی رەخنەی کەلتوری : رەخنەی کەلتووری بایەخ بە درککردنی خوێنەر دەدات، واتە گەیشتنی خوێنەر بە واتا شاراوەکانی دەق بەهەژمونی کەلتوور، بەمەش ئەرکی رەخنەی کەلتوری لای خوێنەرە، هەر خوێنەریش درك بە کەموکورییەکان دەکات، نەك مەبەست لە رەخنەی کەلتوری خودی کەلتورەکە بێت، ((رەخنەی کەلتوری رەخنە نییە لە خودی کەلتور بەڵکو ئەو ساتەوەختەیە کە پێشوازییەکی جەماوەری  لە گوتارێك دەکرێت و لای خوێنەر پەسەند دەبێت،  هەرچەندە لەگەڵ بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژییەتماندا تەبا نەبێت، لەوکاتانەی لایەنی ئێستاتیکایی دژ دەبێت لەگەڵ ئاوەزیی، پەسەندکراو بەپێی رەوانبێژی پێچەوانەی پەسەندکراوی ئاوەزییە، بەوشێوەیەش پێکدادان لە نێوان ویژدانی تایبەتی کەسی کە هۆشیاری خودی هزری و ئاوەزی بەپێی بەدەستهاتووە کەسییەکان دەیئافرێنێت و ویژدانی گشتیی کە رێکبەندییە شاراوەکان دروستی دەکەن و بەپێی وەڵامدانەوە و وێناکردنمان بۆ ئەو دۆخانە حوکمدەکرێن) (غودامی:٢٠٠٥: ٨٢) . لە ئەمرۆدا دۆزی ئافرەتان  باشترین نمونەیە، بێگومان تاکی هۆشیار درك بەوەدەکات کە ئافرەت کاڵایەك نییە مامەڵەی پێوەبکرێت ، ئەو بۆچوونە ویژدانی و ئاوەزییە بەڵام کاتێك رێکلامەکانی تیڤی و نێت و....تد دەبینین، کە تەنانەت خودی ئافرەتانیش بەشداری خستنەرووی ئافرەت دەکەن وەك کاڵایەك بۆ سەرنجراکێشان ...تد، ئیتر لەودۆخەدا  ویژدانی تاکە کەسی رۆڵێکی نامێنێت و ویژدانی گشتی کە بە خشکەیی و لەدێر زەمانەوە لە کۆمەڵدا چێنراوە و هەڵوەشاندنەوەی کارێکی ئاسان نییە رۆڵی خۆی دەگێرێت . گەیاندنی واتا بەخشکەییەکان لەرێکبەندییە کەلتورییەکانەوە لە ئەنجامی نەبوونی رۆڵی بیرمەندی و زاڵبوونی سۆزدارییەوە دەبێت، ئەمەش تەرزێکی پڕ مەترسییە لە فریودان کە لە رێی هێزی رەوانبێژی و شیعرییەتەوە ئەنجامدەدرێت. لەرێیشیەوە زۆر دیاردەی نا عەقڵانی و زاڵبوونی لایەنی هەڵچوون و سۆزداری بەسەر کەلتوردا چەسپێنراوە . وەك نمونەی ١٣:

نمونەی(١٣)

دایە ببینە و دوێتە بخوازە

فۆلکلۆر

نمونەی ١٣ ئیدیەمێکە هەڵگری واتای سێمانتیکی و مێتافۆرییە، یەکەمیان لە واتای یەکە پێکهێنەرەکان و دووەمیان واتا ئیدیەمەکەیەتی، هەمیشە کورد بەشانازییەوە ئەم پەندە پێرەو دەکات لە کاتی ژن و ژنخوازیدا، بەڵام لەراستیدا لەم ئیدیەمەدا ستەمێکی گەورە لە ژن دەکرێت و بوونی کچ وەك تاکێکی خاوەن کەسایەتی و بەتوانا دەسرڕدرێتەوە، بۆ زانینی رەوشت و توانا و بەهرەمەندی و جوانی و تەواوی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤبوون لە کچدا لابەلای کەسێکیتردا دەکرێتەوە کە دایکە، نەك خودی کچەکە ئەمەش سرینەوە و کوشتنی کەسایەتی کچە بۆیە نابێت ئەو ئیدیەمە جێی شانازیمان بێت . ئەو مەبەستە سێمانتیکی رێکبەندی لەرێی رەخنەی کەلتورییەوە پەیپێدەبات .

زۆرجار دەوترێت ئەو شاعیرە یان فلانکەس لە گوتارکەیدا زیادەرۆیی(مبالغة) ی کردووە، ئەمە رێك جیاکردنەوەی زمانە لەبیر، و گرنگیدانە بە ئێستاتیکا لەسەر حسابی ئاوەز، هەروها گەورەکردن و پیرۆزکردنی هەندێك لە شاعیر و شیعر وایکردووە کە لە رەخنە بەدەربن، هەرچی بڵێن پەسەندکراو بێت و تێپەرێت، ئەمەش بەدڵنیاییەوە لە کەلتورەوە سەرچاوەدەگرێت چونکە دەق و گوتاری پەسەندکراو بەپێی بۆچوونی قوتابخانە کۆن و نوێیەکان مەرجی هێزی رەوانبێژ و ئێستاتیکا و بەرهەمی زۆری تێدایە بەڵام وەك دەبینرێت کە لە شیعری هەندێك لە شاعیراندا دەقی زۆر لاواز هەن کەچی لە رەخنەبەدووردەبن و هەمیشە بەکەس و شاعیری باڵا سەیردەکرێن(تاسعدیت،٢٠١٨: ٣٨)   هەر لەودۆخەشدا دەق و گوتار لە بازنەی وەهمی وەسف و ئێستاتیکا و شیعرییەتدا قەتیس دەبێت و ناتوانێت بگاتە سنووری هزر و کەلتور تەنانەت لای ئەوانەش کە بە بیرمەند ناسراون چونکە ئەوانەش هەر لەبازنەی وەسف و جوانی و شیعرییەتدا خولاونەتەوە و سنورەکەیان تێنەپەراندووە(غودامی:٢٠٠٥: ٨٢). هەرئەمەش لە شیعردا سەرچاوەی شانازیکردنە بەخودەوە بە هەموو کەموکورییەکانیشەوە زۆرجاریش شاعیرانیشی لەخۆباییکردوە . وەك نمونەی(١٤).ی جزیری کە دەڵێت :

نمونەی١٤     گوڵی باغی ئیرەمی بۆهتانم

شەب چراغی شەبی کوردستانم                    دیوانی

جزیری ل٥٣٤

هەرچەندە هیچ گومان لە رۆڵی باڵای جزیری لە ئەدەبیاتی کوردیدا نییە بەڵام خۆچواندن بەڵکو دانان بە گوڵی باغی ئیرەم و چراخانی شەوانی کوردستان لای جزیری جۆرە لەخۆباییبوونێکی تێدایە، کە دەبێت رەخنەی ئەدەبی ئاماژەی پێبدات و رەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکەی لێکبداتەوە .

هەرچەندە نالی جێی شانازی هەموو کوردە و مافی خۆیەتی شانازیش بەخۆیەوە بکات وەك(نمونەی١٥ )بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە شانازی بەخودەوە نابێت لەسەر حسابی کەسانیتر بێت ، وەك دەبینین نالی زۆر بە راشکاوی شیعری خەڵك رەتدەکاتەوە و بە پەتکیان دەچوێنێت و شیعری

خۆی بە ئاورێشم، ئەمەش بەڵگەی شانازیکردنە بە خۆوە ، کە زۆرجار بەرهەمی کەلتور و بە دوور و بەپەرێزگرتنی شاعیرە لە ڕەخنەی کەلتوری .

نمونەی ١٥

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی

کەی لە دیقەتتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

دیوانی نالی ل ١٠٧

بابەتیانەی دوور لە سۆز و عاتیفە لەگەڵ دەق و گوتاردا دەکات ، جیاوازە لەڕەخنەی ئەدەبی کە هەمیشە کاری وەسف و پەسنی دەق و گوتارە. مەبەستی ڕەخنەی کەلتوری خودی کەلتور نییە بەڵکو ئەو واتایانەی کەلتور سەپاندوونی ، بەمەش لە بابەتی ڕەخنەی کەلتوریدا ئاوەز زاڵ دەبێت و دژ بە ئێستاتیکا و شیعریەت دەوەستێتەوە .

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژنەوەکەدا گەیشتیینە ئەم ئەنجامانە

١- سێمانتیکی ڕێکبەندی وەك جۆرێکی تایبەت لە سێمانتیك و کەتوارێکی زمانەوانی لە بەشێك لە دەق و گوتاری کوردیدا هەیە، ئەمەش دەرئەنجامی هەژمونی کەلتور و سەرقاڵبوونی ڕەخنەی ئەدەبی بە وەسفی ئێستاتیکا و شیعریەتی دەق و وتارەوە سەریهەڵداوە و بەپێی ڕەخنەی کەلتوری، کە هەڵقوڵاوی هزرێکە لە کۆمەڵدا دەژیت، پەبی بە واتا کەلتورییە نەزانرا و شاراوەکانی دەق و گوتار دەبات .

٢- گەر کەرەستەی سێمانتیك وشە یان ڕستە بێت، ئەوا کەرەستەی زمانیی سێمانتیکی ڕێکبەندی ڕستەی کەلتورییە، کە خاوەنی فۆرم و قاڵبێکی دیاریکراو نییە، چونکە دەکرێت تەواوی دەقێك وەك ڕستەیەکی کەلتوری سەیربکرێت و واتا کەلتورییەکە لە هەناویدا بێت، دەشکرێت دەق یان گوتار هەڵگری هیچ ڕستەیەکی کەلتوری نەبن، بەوجۆرەش نابنە کەرەستەی سێمانتیکی ڕێکبەندی . چونکە مەرج نییە سێمانتیکی ڕێك بەندی لە هەموو دەق و گوتارێکدا بواری کاری هەبێت .

٣- سێمانتیکی ڕێکبەندی کار لەسەر ئەو واتایانە دەکات، کە پێچەوانەی واتای ئاشکرا و میتافۆری دەق و گوتارن، لە واتاگەلێکی شاراوەی پەیپێنەبراو لە دەق و گوتاردا دەکۆڵێتەوە و دەیکاتە پێوەری هەڵسەنگاندنی شاعیر و نووسەر ...تد نەك ناو و نازناوی شاعیران و ئەدیبان، ئەم جۆرەی سێمانتیك بیری کەڵەشاعیر و کەڵەنووسەر.....تد کە هەمیشە بەرهەمەکانیان پەسەندن ڕەتدەکاتەوە، بەهۆکاری دەزانێت بۆ سەرهەڵدانی توێژێکی لەخۆبایی لە شاعیران و ئەدیبان و کەسایەتی و دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکار .

٤- واتای ڕێکبەندی کە ڕەخنەی کەلتوری پەیپێدەبات لەلایەن خوێنەر و وەرگرەوە پەسەندە و چێژبەخشە، لەبەرئەوەی ئەو واتایانە کەلتور سەپاندوونی بەسەر خوێنەر و وەرگر و خەڵکیدا بەگشتی، بۆیە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەلای خەڵکەوە پەسەندکراو و چێژبەخش دەبێت .

٥- سێمانتیکی ڕێکبەندی لە جۆرە واتایەك دەکۆڵێتەوە کە نە بەرهەمی نووسەرە و نە خوێنەر درکیپێدەکات، واتایەکە کەلتور بەتێپەڕبوونی کات لە پشت دەق و گوتارەکانەوەی چاندووە و بە پەنهانی و شاراوەیی ماوەتەوە . تا سەرهەڵدانی ڕەخنەی کەلتوری . ڕەخنەی کەلتووریش بەرهەمی ئاوەزییە و مامەڵەیەکی

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:


١- ئەحمەد، بێستون حەسەن(٢٠١٧) لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا ، سلیمانی

٢- ئەحمەد" تریفە عومەر(٢٠١٣) پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکان" نامەی دکتۆرا" کۆلێجی زمان" زانکۆی سلێمانی .

٣- ئەحمەد،شیلان (٢٠١٥)، تیکردەبیرییەکان لە پەیکاڵبوونی فۆرم و واتادا، نامەی ماستەر، فاکەلتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی .

٤- پیرەمێرد، دیوان(١٩٩٠) کۆکردنەوە و ساغکردنەوە، فائق هۆشیار و ئەوانیتر، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا .

٥- جزیری" دیوان( ١٩٧٧ )کۆکردنەوە و ساغکردنەوە " صادق بەهائەدین ئامیدی ، بەغدا

٦- جزیری، دیوان (٢٠١١ ) ، بەرهەڤکرا، تەحسین ابراهیم دۆسکی ، دهۆك .

٧- حەسەن، فەرهاد تۆفیق(٢٠١٠) پێوەندییە سێمانتیکییەکان و هەندێ دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نانەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی .

٨- حەمەڕەشید،ئارام عەبدولواحید(٢٠١٣)ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی .

٩- خەزنەدار،د. مارف(٢٠٠٣) مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی سێیەم، دەزگای ئاراس ، هەولێر.

١٠- خەزنەدار،د. مارف(٢٠٠٦) مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی شەشەم، دەزگای ئاراس ، هەولێر.

١١- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(واتاسازی)چەند لیکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکی، هەولێر.

١٢- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا(١٩٨٠) شیعری کوردی ژیان و بەرهەمی شاعیران(فەقێی تەیران ، عەلی بەردەشانی. بەختیارزێوەر" بەغدا .

١٣- سابیر، ڕەفیق(٢٠٠٨)کلتور و نسیۆنالیزم، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی ، سلێمانی

١٤- سورخی، ڕەحیم(٢٠٠٦) زمان هزرو کلتور، دەزگای بڵاوکردنەوە و توێژینەوەی موکریان، هەولێر .

١٥- عەبدوڵا پەشێو" دیوان(٢٠٠٢) سوید.

١٦- فەتحوڵا، مەحمود و حەسەن، نەریمان(٢٠١٧) پەیرەو و بنەما سێماتیکیەکانی درکپێکردن " گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ساڵی ژوارەم. ژمارە(١١) .

١٧- فەرەج، تریفە محەمەد(٢٠١٦) دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا(لێکدانەوەیەکی واتایی)، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان .

١٨- قادر، سەباح ڕەشید(٢٠٠٩)هەندێ لایەنی ڕیزمانی دەسەلات و بەستنەوەGB لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

١٩- قانیع، دیوان(٢٠٠٥) کۆکردنەوەی بورهان قانیع، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە چاپکراوە.

٢٠- گۆران، دیوان (١٩٨٠) ، کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم ، بەغدا .

٢١- مەحمود، ئازاد ئەحمەد(٢٠١٥) بنەما و تەوەرەکانی واتاسازی نوێ، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٢٢- مەحوی، محەمەد(٢٠٠٦) ئاوەزداری و ڕیزمانی ناوەرۆك وابەستە، زانکۆی سلێمانی .

٢٣- مەحوی، محەمەد(٢٠٠٩)زانستی هێما(هێما) واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی دووهەم زانکۆی سلێمانی .

٢٤- محەمەد، دارا حەمید(٢٠١٠)واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیکی کوردی، سلێمانی.

٢٥- ______ (٢٠٢٠) بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا" گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین" هەولێر، ژمارە

٢٦- ______(٢٠١٢) شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە روانگەی پراگمتیکەوە" نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلیمانی .

٢٧- نالی، دیوان(١٩٧٦) کۆکردننەوەی مەلا عەبدولکەریمی موردەڕیس و فاتیح مەلا عەبدولکەریم ، بەغدا .

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- الخليل، سمير(٢٠١٣) النقد الثقافي من النص الادبي الى الخطاب، دار الجواهري ، بغداد .

٢- الخليل، سمير(٢٠١٦)دليل مصطلحات الدراسات الثقافية و النقد الثقافي، دار الكتب ، بيروت.

٣- الغذامي، عبداللة،٢٠٠٥)النقد الثقافي، قراءة في الانساق الثقافية العربية، المركز الثقافي العربي، بيروت.

٤- الغذامي، عبدالله(٢٠٠٥)الثقافة التلفزيونية، سقوط النخبة و بروز الشعبي، المركز الثقافي العربي ، المغرب .

٥- الياسري، عمار ابراهيم(٢٠٢٠)الانساق المضمرة في بنية النص الشعري، دراسة في نصوص الشاعر الدكتورعمار المسعودي، صحيفه المثقف عدد٥١٤٩ .

٦- تاسعديت،مباركي ( ٢٠١٨) نسق الفحولة في الشعر العربي القديممقاربة نقد ثقافية، شعر المتنبي انموذجا .رسالة ماجستير ، جامعة البجاية، الجزائر.

٧- تودورف و اخرون(٢٠٠٠) المرجع و الدلالة في الفكر اللسانى الحديث،ترجمة، عبدالقادر قنيني، المغرب .

٨- جارالله، دڵخۆش(٢٠١٤) علم الدلة الادراكي المبادىء و التطبيقات، مجلة الاداب عدد١١٠ .

٩- ربيعي،عبدالجبار(٢٠١٨) النسق و المضمر الثقافي في الخطاب النقدي عند جاحظ قراءة من منظور النقد الثقافي، رسالة دكتورا، جامعة باتنة١ ، الجزائر.

١٠- زراقط، عبدالمجيد(٢٠١٩) النقد الادبي ، مفهومه و مساره التاريخي و مناهجه، بيروت، لبنان.

١١- صياد، عادل(٢٠١٧)الانساق المضمرة في رواية قواعد العشق الاربعون(روايه عن جلال الرومي) لاليف شافاق، جامعه العربي التبسي، الجزائر.

١٢- عمر،احمد مختار(١٩٨٢) علم الدلالة ، الكويت .

١٣- عبدالله،امجد حميد(٢٠١٧)الدلالة النسقية(تاطير نظري)، مجلة الباحث عدد٢٥ .

سەرچاوەی ئینگلیزی:

1-Crystal.D.A(2003) Dictionary of Linguistics and Phonetics , Blackwell Oxford. London .

2- Löhner , Sebastan (2002) Understanding Semantics , Oxford ; Oxford University Press.

3- Lyons , J , 1977 , Semantics , 2Vols , London and NewYork , Cambridge Univrsity, press.

لینکەکان :

١- https://benjamins.com/catalog/pbns.55-

2-https://www.jadaliyya.com/Details/43333

## الخلاصة

تتناول هذه الدراسة الموسومةب(الدلالة النسقية و النقد الثقافي في اللغة الكوردية) دراسة نوع جديد من الدلالة وهي الدلالة النسقية، التي لم تدرس في اللغة الكوردية ، مما استوجب علينا الوقوف عليها على نحو كبير، تعتمد الدلالة النسقية على النقد الثقافي في عملها الاساسي وهي اكتشاف الدلالات المضمرة خلف النصوص و الخطابات الكوردية، وهي بذللك تضيف وظيفة جديدة الى الوظائف الستة التى طرحها رومان جاكوبسن وهي الوظيفة النسقية التى طرحها الدكتور عبدالله الغذامى بوصفها عنصرا سابعا من عناصر الاتصال . واعتمد الباحث المنهج الوصفي التحليلي ، وقسم الدراسة على ثلاثة فصول وهي الاتي:

يتناول الفصل الاول مقدمة وعرض بعض مفاهيم ذات صلة بالدلالة النسقية ، مثل (النقد الثقافي ، الجملة الثقافية ...الخ . اما الفصل الثانى فخصص لعرض مفهوم الدلالة النسقية . وتناول في الفصل الثالث اسس الدلالة النسقية ، وتم اخذ امثلة البحث من نصوص لشعراء و خطابات تم الاشارة الى اصحابها .

وفي الختام عرض الباحث اهم النتائج التى توصل اليها مع الاشارة الى المصادر و المراجع .

الكلمات المفتاحية : الدلالة النسقية ، الثقافة ، النقد الثقافي ، المعانى المضمومة .

**Abstract**

This study, which is entitled **(Grammatical Semantics and Cultural Criticism in Kurdish Language),** deals with that type of semantics, which has not been addressed before in Kurdish language. Grammatical function is the source of grammatical semantics that function is which the systemic function proposed by Dr. Abdullah Al-Ghadami as the seventh element of the communication elements. Both Grammatical semantics and grammatical functions constitute the problem of the research. Grammatical semantics tries to find out those meanings that roots in culture or culture brings those meanings into existence without being observed and cultural criticism will find and discover them.

The researcher adopted the descriptive analytical method, Kurdish texts and discourses are the data and sample of the current study which has been referred to in the analysis.

The study consists of three parts:

The first part deals with an introduction and presentation of some concepts related to Grammatical Semantics.

The second part is devoted to the definition of the concept of Grammatical Semantics.

Part three, deals with the foundations of Grammatical Semantics.

In conclusion, the researcher presented the most important results he reached with reference to the sources and references.

**Keywords**: *Grammatical Semantics, culture, cultural criticism, implied meanings.*